# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٤٣



## تەوەری ژمارە
## بە شداریی ژنان لە خەباتدا

# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی یە


کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەریدەکا

ژمارەی ٤٣

گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی

ئاگوستی ٢٠١٧ی زایینی

# تیشک

ژمارەی ٤٣

---

**گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە**

**کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا**

**تایپ: راسان**

**مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە**

**گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.**

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ........................................................................ ٥
گرینگی ڕۆڵی ژنان لە سەرکەوتنی خەباتدا و پێشمەرجەکانی ................................................................................................ ١١
ڕۆڵی ژنان لە ژیانی سیاسیدا ............................................... ٢٣
بەشداری ژنی کورد لە خەباتی رزگاری خوازی دا ................................................................................ ٤١
ژنان لە خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتیدا ................................................................................ ٤٥

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# بۆ
# ژنان دەبێ لە خەبات دا
# بەشدار بن

ناسر ساڵحی ئەسڵ

له ڕەوتی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەموو چین و تویژەێکی کۆمەڵگە بەشداری خەبات بوون. بە تایبەتی، ژنان بەشدارییەکی چالاکانەیان لەو خەباتە دا هەبوو. ژنان بە چالاکی جۆراوجۆریان لە ریزەکانی خەباتی گەلی کورد دا پاڵپشتێکی بە هێز و ورە بەخشی پێشمەرگەکان بوون. وەک، بەشداریی لە خۆپێشاندان و ڕێپیوانە جەماوەرییەکان، خەباتی چەکداریی، کاری تەشکیلاتی، کادری دەرمانی و پەرستاری لە نەخوشخانە و دەرمانگاکان، هەروەها پشتیوانی شۆڕشی کوردستان بوون بە دابین کردنی خوراک و جەل و بەرگ بۆ پێشمەرگە و زۆر شتی دیکە.

چونکەنەتەوەی کورد بەردەوام خاوەن بزووتنەوەیی رزگاریخوازی خۆی بووە وکەم تازۆر قوتابخانە و ریبازگەلێکی هزری لە پێناو مافی نەتەوایەتیی و مافە تاکە کەسییەکاندا بونیادناوە، بەجۆرێک توانیویەتی لەسەر ئاستی وشیاری و ئاگایی ژنانی کورد شوێن دابنێ. بۆ نموونە لە ریزەکانی شۆڕش دا هەولدرا ژنانیش وەک پیاوان سەیر بکرین و مافە تاکە کەسییەکانیان بپاریزرێ. هەروەها دیارە ژن بە ژنە و بەشوودانی زۆرملی وەک نەریتێکی باوی کۆمەڵ بە نارەوا دابنرێ و بە پێی تواناو و ئاستی دەست ڕاکەیشتنی پشمەرگەکان لە ناوچەکانی کوردستان و وشیار کردنەوەی خەڵک لە ڕێگای وبڵاوکراوە و رادیۆوە بەرەبەرەکانی لە گەل ئەو دیاردەیە

بکرێ. دیارە، مێژوویی چالاکی ژنان وەک ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وکوماری کوردستان، لەراستای گەشەی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان و کاری ڕێکخراوەیی کاریگەریان هەبووە. هەر بۆیە کاتێک لێکۆڵەران لە سەر بارودۆخی پێگە و جێگەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن وهەڵیدەسەنگێنن، تێکەڵبوونی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵات بە سیاسەت و کاری فەرهەنگی و ڕێکخراوەیی بەرز دەنرخێنن.

لە یەکەم کۆبوونەوەی هەیئەتی وەزیران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتدا پێشەوا قازی محەممەد ئاماژە دەکات بە بەشداری ژنان لە کاروباری حکومەت و حیزب دا و هەر وەها پێکهێنانی ڕێکخراوەیەک تایبەت بە ژنان، کە بناغەی ئەو ڕێکخراوەیە، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە. لەو سەردەمەوە تا ئێستا ژنان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا دەرفەتیان بۆ رەخساوە کە ڕۆڵیکی شوێندانەریان لەژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و کاری ڕێکخراوەیی هەبێت. لەبەرنامەیح یزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ماف ورۆڵی ژن وتا ڕادەیەکی بەرچاوبەشداری ژنانی لە بەدەنە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا پراکتیزە کراوە. هەر بۆیە بەشێکی بەرچاولەژنان لە حیزبی دێموکراتدا توانیوایانە پێ بە پێی پیاوان خۆیان لەمەیدانی بە کردەوەی تێکۆشان وخەباتدا ببێنەوە. هەم لە خەباتی چەکداری و هەم لە خەباتی شار دا، حیزبی دێموکرات گرینگییەکی تایبەتی بە

بەشداری ژنان داوە و هەوڵیداوە چالاکان بەشدار بن و لەو پێناوەش دا بە دەیان ژنانی خەباتگێر گیانی خۆیان پیشکەش بە بارەگای ئازادی و مافی نەتەوایەتی کردووە. ئیستاش حیزبی دێموکرات بە کردەوە هەوڵدەدات هەلومەرجێ یەکسان بۆ ژن و پیاو وەک یەک برەخسێنێ و شانسی بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی دارشتن و بڕیاردانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر بکات.

لە قوناغی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ(راسان) دا بۆ شوێندانەری و بە هێز بوونی ئەو قوناغە لە خەباتی نوێیدا، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکان، پێویستە لە هەموو تواناکانی نێو کۆمەڵ کەڵک وەرگرین. ئەگەر لە رابردوودا لە لایەک لە تواناکانی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا کەڵکی پێویست وەرنەگیراوە، لە ئاکامدا وزەیەکی زۆری کۆمەڵەکەمان بە هەدەرچووە. لە لایەکی دیکەوە، لە ئیستا دا کە خەباتی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قوناغێکی هەستیاردایە، پرس و کێشەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نابێت تەنیا پرس و کێشەی "سنفی" بێ، بەڵکوو کێشە و پرسی ژنان و بەشدارییان لە خەباتی شار و شاخ دا، دەبێ ببێتە پرسێکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و پێوەندیدار بە چارەنووسی خەباتی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئازادی و مافی یەکسانی ژنان بێت.

بەکورتی، ئەرکی ژنان لە قوناغی نوێی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخدا، بەشداریکردن و خۆ رێکخستن لە چوار چیوەی کاری رێکخراوەیدایە لە شێوەی جۆراوجوردا تا کوو ژنانیش شان بە شانی

پیـاوان لـه سـەرکەوتن و گەیشـتن بـە مـاف و ئـازادی خۆیـان و نەتەوەکەیان بەشداری چالاکانەیان هـەبێت. بەشداری بـە کـردەوەی ژنان وەک نیوە کۆمەڵ لە خەباتدا، سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادی و پێشکەوتنی کۆمـەڵگا مسـۆگەر دەکات. دەبێ بەشـداری ژنان ببێتە بەردی بناغە و پرەنسیبی نەگۆڕی خەبات، تالە تواناکانی نیـو کۆمــەڵ لــە ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان کــەڵکی پێویســت وەرگیرێ.سـەرەنجام ڕەوتـی خەبـاتی ڕزگاریخوازانی گـەلی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خێرایی زیاتر بەخۆیەوە بینێت.

# گرینگی
# رۆڵی ژنان لە سەرکەوتنی خەباتدا و
# پێشمەرجەکانی

کەژاڵ حاجی میرزایی

هەر لە دەسپێکی شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردەوە هەتا ئەمڕۆ نەیارانی ئەو نەتەوەیە هەموو هەوڵ و هێزی خۆیان بەکار هێناوە بۆ خنکاندن و لە ناو بردنی ئەو شۆڕشە کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و دیمۆکراسی و هەورووەها بنیات‌نانی کۆمەلگەیەکی دیمۆکرات و مرۆڤ‌تەوەر بە هەموو دەنگ و ڕەنگێکەوە بووە.

نەیارانی ئەو شۆڕشگەلە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە هەموو تاکتیک و ستراتژییەک کەڵکیان وەرگرتووە و هەروەها لە قۆناغە تایبەتیەکاندا پیلانە جۆراوجۆراکانیان وەگەڕ خستووە و خۆیانیان لە هیچ چەشنە خراپەکارییەک بەرامبەر بەم مافخوازییە ئینسانیە نەپاراستووە.

یەکێک لەو پیلانگەلە کە بە درێژایی دوژمنایەتیان لە گەڵ نەتەوەی کورد بەردەوام بووە و لەم نووسینە کورتەدا ئاماژەی پێدەکرێ هەوڵدان بۆ سڕینەوە و لاواز کردنی بیر و هزری نەتەوەیی و نەزۆک کردنی ئاوزی نەتەوەیی هەموو چینەکانی کۆمەلگەی کوردەواری و بە تایبەتی ژنان بووە.

دوژمنانی هەمیشەیی خەباتی ڕەوایی نەتەوەی کورد بەردەوام لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فکری و داگیرکردنی هزری نیشتمانی و نەتەوەیی کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمەشیان بە باشی بۆ دەرکەوتووە کە نەبوونی هزری نەتەوەیی لە تاکەکانی کورددا دەبێتە یەکیک لەو هۆیانەی کە هەستی بێ شوناسی نەتەوەیی درووست دەکات و مرۆڤی کورد تووشی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی دەبێت وبەم شێوەیە خەسارێکی قەرەبوونەکراو دەگەیندرێت بەم نەتەوەیەو و هەروەها بە بزووتنەوەکە. دیارە مەبەستی ئەوان لەم سڕینەوەیە بێ هەڵوێست

کردنی تاکە لە هەمبەر پرسی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ....هتد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و لە کۆتاییشدا خەساندنی خەباتەکە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە کەش و هەوایەکی وەها ئاڵۆزی فکری دەخولقێنێت تاکوو وا لە تاک بکات وردە وردە هێما و بایەخ و پێوەرە نەتەوەییەکانی خۆی لە لا سووک ببێت و لە بەرامبەردا، لە کەلتوور و نەریتی داگیرکەردا "مەسخ" و ببێتە بەشێک لە گوتاری نەتەوەی سەردەست و سیاسەتی داگیرکەر. لێرەدایە کە زمان ، پوشینی جل و بەرگ، شێواز و ئەدەبیاتی قسە کردن، جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دوژمن بە سەر هەلسوکەوتی تاکدا زاڵ دەبێت و دواجار تاک دەبێتە قوربانیی سیاسەتی ئاسیمیلاسیونی دژە کورد.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدایە کە تاکی مەسخ و ئاسیمیلە بوو چیدی هەست بە ستەم و ژێر چەپۆکەبوونی نەتەوەکەی لە لایەن داگیرکەر و ڕێژیم ناکات و ئیتر سەربەخۆییخوازی و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بیر و هزری وەها تاکێکدا مەوزووعییەتی نامێنێت.

## زەروورەتی هەبوونی هزری نەتەوەیی لە ژنی کورددا

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا باسێکی گشتی بوو لە سەر رەوتی لە دەستدانی هەست و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی هەموو تاکەکان. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەو نووسراوەیەیە وردبوونەوە لەسەر هەستیاری و گرینگی ئەو پرسەیە لە سەر ژنان و ئەوەیکە ئەگەر ژنانی نیشتمان دەوری خۆیان ببینن لە مەیدانی کردەوەدا تا چ ڕادەیەکی بەرچاو دەتوانن شوێندانەر بن و وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی ژنی کورد پێویستە پێگەی *هەستیاری* خۆی فرەتر دەرک بکات. لە میانەی

باسـەکەدا بە هێنـانەوەی چەنـد نمـوونە لە رۆڵگێـڕی ژنـان لە بزووتنەوەکانـدا هەوڵ دەدرێ وێـنەیەک لە *پانتـایی پراکتیزەکردنـی ئیدەکان* بخرێتە روو، نەک بە مەبەستی هاندانی ژنانی کورد بۆ لاسایی کردنەوەیان بەڵکوو بە مەبەستی ئاماژەپێدان بە کاریگەربوونی ئیرادەیان لە سەر بزووتنەوەی کورد.

حەوجە بە وتـن ناکـات کە ئەگەر بەشـداریی هەمـوو چـین و توێژەکـانی کـۆمەڵگە لە بـزووتنەوە و خەبـاتی ڕزگاریخوازیـدا دەرگـای سەرکەوتن و ڕزگاریی نەتەوەکان بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەشداریی ژنان لە خـەبات بۆ ماف و ئازادی و یەکسانی، ڕەمزی سەرەکی ئەو سـەرکەوتنانە بە هەژمـار دێـت، بـۆیە لە پێوەنـدی لەگەڵ کوردیشـدا، وشـیاری نەتەوەیـی ژنـی کـورد زەروورەتێکـی چـارەنووس سـازە کە دەتـوانێ زیـاتر لە جـاران کـارتێکەری لەسـەر بزاڤـی ڕزگـاریخوازانەی نەتەوەیی هەبێت .

ئەگەر ئاوڕێـک لە مێـژووی خەبـاتی ڕزگـاریخوازانە و ئـازادی ئەو گەلانەی کە سـەردەمانێک لە لایەن داگیـرکەرانەوە وڵات و زێـدیان داگیرکرابـوو و لە بندەسـتی و چەرمەسـەریدا ژیانیـان بەسـەردەبرد بـدەینەوە ئەو ڕاستییە بە ڕوونـی بۆمـان ئاشکرا دەبێـت کە ژنـانی ئەو دەڤەرگەلە چ ڕۆڵێکیان لە خەبات و ئازاد کردنی وڵاتەکەیاندا گێڕاوە و چ کاریگەرییەکیـان لە زینـدوو کـردنەوەی کەرامەت و شوناسـی نەتەوەیی گەلەکەیان هەبـووە. ئەم ژنانـە، ژنـانێکی شۆڕشگێڕ بوون کە هەست و سۆزی نەتەوەیی لە نێویاندا گەشەی سەندبوو و زۆر وشیارانە لە بارودۆخی مەترسیداری وڵاتەکەیان تێگەیشتبوون.

بۆ وێنە ئاماژە بە ساڵەکانی ١٧٧٠ زائینی دەکەین لە کاتی شۆڕشی سەربەخۆیی خوازی ئامریکا کە ژنان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بوون. ژنانی ئامریکا چ لە بواری ئابووری و لۆجێستیکی شۆڕش و چ لە بەرەکانی شەڕدا رۆڵی گرینگ و چارەنووس‌سازیان گێڕا. لە باری ئابووری و لۆجیستیکییەوە هەوڵیان دا جگە لە کەمکردنەوەی بەرخۆر (مصرف)، بە بایکۆت کردنی شتومەکی بریتانیایی و خۆپاراستن لە بەکارهێنان و هاوردەکردنی بەرهەمی بەریتانیا زەربەی ئابووری لە دوژمن بدەن و لەلایەکی ترەوە هەوڵێکی نیشتمانییان وەڕێ خست بۆ بەرهەمهێنانی شتومەکی خۆجێیی. ئەو هەولانە وەک میکانیزمگەلی موقاوەمەت بەگشتی لە لایەن "ژنانی نیشتمانییەوە[1]" پێڕەو دەکران. بۆ وێنە ئەوان بزووتنەوەیەکیان وەڕێ خست بە ناوی بزووتنەوەی "دروومانی نیشتمانی" و تێیدا ژنانی ئامریکا بۆ پڕ کردنەوەی شوێنی بەرهەمە بەریتانیاییەکان دەستیان بە ڕێستن و دروومان و چنین کرد و هەم پەتوو و جلوبەرگی سەربازەکانیان دەدوری و هەمیش پێداویستی ناوخۆییان دابین دەکرد. یان ژنان پێشڕەو داهێنەری هەڵمەتی بایکۆتی چای بریتانیایی بوون.

هەروەها لەو خەباتەدا ژنانی گوندەکان و لادێکان کە پێشتر هیچ رۆڵێکیان لە جووڵانەوە سیاسییەکاندا نەبوو ئێستا ببوون بە بەشێکی گرینگ لە خەباتێکی گشتگیری رزگاریخوازانە.

جگە لە زۆر کاریگەر بوونی ئەو بایکۆتانە لە پێشگرتن بە چوونەدەرەوەی دراوی ئامریکا بۆ بەریتانیا، بەرزبوونەوەی هەستی یەکگرتوویی و پاڵپشتی نیشتمانیی لێکەوتەوە کە ورەبەخش و بزوێنەری

---

[1]- patriot women

شـۆڕش بـوون. ژنـان هەروەهـا لە ڕێگـای ڕێکخسـتن‌گەلێـک وەک ئەنجـوومەنی خانمـانی فیلادێلفیـا کە دواتـر هەمـوو ئەمریکـای گـرتەوە یارمەتی خەباتی نەتەوەییان دا. ئەوان بە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی پشتگیری شۆڕشیان دەکرد. بۆ نموونە، تەنیا لە ساڵی ١٧٨٠دا پتر لە ٣٠٠هەزار دۆلار لە لایەن ڕێکخسـتنەکانی ژنـان بـۆ خەبـاتی ڕزگاریخوازانە کۆ کرایەوە.

ڕۆڵی ژنان لە بەرەکانی شەڕدا بەربلاو و جوراوجۆر بوو، لە کاری نیزامی و بە تایبەت جاسووسی و زانیارییەوە بگرە هەتا پەرەستاری و جێشت لینان و هتد. ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بە دزەکردن بۆ ناو ریزەکانی دوژمن وەک ئاشپەز و پەرەستار و...هتد، وەک جاسووس، کۆمەڵێک زانیاری سەربازی گرینگ لە سەر دوژمن بۆ هێزە ئامریکاییەکان دەنێرن و لە بەرەکانی شەڕیش‌دا بە گواستنەوەی زانیاری هەرەنهێنی و هەستیار یارمەتی چارەنووس‌سازیان داوە بە سەرکەوتنە سەربازییەکان. ژنانی ئامریکا لەم قۆناغە مێژوویەدا دەیان خەباتی شۆڕشگێرانەی دیکەیان هەبووە کە لێرەدا ناکرێ ئاماژە بە هەمووی بدرێت.

ڕزگاری ئافریقای باشوور نموونەیەکی دیکەی ڕۆڵگێڕی ژنانە لە پرۆسەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کە بە دامەزراندن و وەڕێخستنی کەمپەین و یەکیەتی جۆربەجۆر یارمەتی گەورەیان بە گەشەی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ڕزگاریخوازانە دا. یەکیەتی ژنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا وەک کۆنترین ڕێکخراوەی ژنانی ئەو وڵاتە ساڵانێکی دوور بوو سەرقاڵی ڕێکخستنی ژنان بوو بۆ بەشداری لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی. بە دامەزراندنی فێدێراسیۆنی ژنانی ئافریقای

باشـوور[2] لە سـاڵی ١٩٥٤دا، خەبـاتی ژنـان یەکگرتـووانەتر و چڕتـر لە پێشـــوو بە دژی هەڵاواردنـــی رەگەزی و نەتەوەیـــی دریـــژە درا. لە کـۆنگرەی دامەزرانـدنی فیدێراسـیۆنەکەدا کە ١٤٦ ژن نـوێنەرایەتی ٢٣٠،٠٠٠ ژنیان دەکرد گفتوگۆیان لە سەر ئەوە دەکرد کە چۆن مافە کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـییەکانیان وەدەسـت بـخەن و چـۆن دەتـوانن رۆڵێکـی گەورەتریـان هەبـێ لە ئـازادی هەمـوو خەلکـی نیشتمانەکەیان. بەگشتی پاڵپشتی ژنان بۆ دەستەبەرککردنی مافەکانیان بەشێک بوو لە سۆز و بەڵێنەکانیان بۆ خەباتە گشتییەکە کە بۆ رزگاری خەڵکی ئافریقای باشوور لە گەڕ دا بوو و هەروەها بەڵێن و سۆزیک بۆ بنیـاتنـانی ئافریقـایەکی رزگـاربوو لە سـتەمی نەتەوەیـی و چینـایەتی و رەگەزی.

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو راستییەن کە؛ لەگەڵ ئەوەیکە حاشـا لە نـابەرابەری رەگەزی چ لە مێـژوودا و چ لە ئێسـتادا نـاکرێ، ژنان پێویستە لە خەبات بۆ مافەکانیـان شـێلگیرتر لە جاران تێبکۆشن بەڵام- خەبـات بـۆ رزگـاری نەتەوەیـی خـاوەنی تایبەتمەنـدی "بـێ رەگەزی"یە. واتا ئەو خەباتە وەک سیستەمێکی بێ رەگەز، نە ژنـانەیە و نە پیاوانە؛ تەنانەت هەوڵدان بۆ ژنانە و پیاوانە کردنەکەی دەبێتە هـۆی نەقوسـتان کردنـی سیسـتەمەکە و بە ئاکـام نەگەیشـتنی. هەر لە ژێـر رووناکـایی ئەو ئامـاژە مێـژوویەدا پێویسـتە تیشـکێک بخـرێتە سـەر چاوەڕوانییەکانی قۆناغی ئێستا لە ژنانی کوردستان و پێویستیی ئاڵوگۆڕ پێکهێنـان لە تێگەیشـتن و فـۆرم و نـاوەڕۆکی رۆڵـی ژنـان لەو خەبـاتەدا.

[2]- Federation of South African Women (FSAW)

وشـەی کوردسـتان خـاڵ دەسـپێکی ئەو گۆڕانکـارییەیە کە پێویسـتە لە هزری تاکەکان و بە تایبەت ژنانی کورددا بێتە دی.

ئەمجـارە خەبـاتێکی نـوێ بە نێـوی "ڕاسـان" بەرامـبەر بە داگیـرکەری کوردستان دەستی پێکردووە. ڕاسان خەباتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی رزگاریخوازانەیە لە درێژەی خەباتی چەندین ساڵەی مۆدێڕنی کورد بە هەندێک تایبەتمەندی بەرچاوتر. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەرس وەرگـرتن لە رابـردوو و خەسارناسـی مێتۆدەکـان و بنەمـا فکرییەکـانی رابـردوویە. لەگەڵ ئەوەیـکە زەخـت و زۆریـی و سـەرکوت و قەلاچـۆ و تیـرۆر و دەیـان سیاسـەت و فێـل و تەڵەکەی دوژمـن بـۆ لەنـاوبردنی بزووتنەوەی کوردی رۆژهەلات بە رواڵەت هۆکاری سەرەکی بەئامانج نەگەیشتنی ئەو خەباتە تا ئێستایە، بەڵام لە راستیدا بنەڕەتـیتر لەوە، کەمایەسییە ناوخۆییەکانی شۆڕشـە کە لە پشـت ئەو سـەرنەکەوتنەیە. یەکێـــک لە کەموکوڕییەکـــانی رابـــردوو -کە چارەســـەرکردنەکەی قـولاییەکی ستراتیژیک دەبەخشێتە بـزووتنەوە- بەرتەسک کـردنەوەی پێناسەی خەبات و خەباتکار و مەیدانی خەبات بووە کە لێکەوتەیەکیی، پەراوێزخستنی نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵ واتا ژنان بووە.

بە پێداچونەوە بەسەر بنەما مەعریفیەکانی بزووتنەوەدا و دۆزینەوەی میکـانیزمی ئەکتیـڤ کردنـی بەشـە نائەکتیڤەکـانی کۆمەڵگـا دەتـوانرێ قۆناغە نوێیەکە زقتر و جیاوازتر لە رابردوو پێناسـەی خـۆی وەرگـرێ و بە کـردەوە راسـانی یەکجـارەکی لـێ بکەوێـتەوە کە ئەویـش ڕاسـان و ڕابوونی گشت ئەندامانی کۆمەڵ بە هەموو خواست و پێگەیەکیانەوە بە دژی داگیرکاریی و دواکەوتوویی دەبێ. هەر وەک دەزانین گەورەترین

بەشی نائەکتیڤی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەشداری کردن لە بزووتنەوەدا، تائێستا و ئێستاشی لەگەڵ بێت، بەشی ژنانە.

دیارە لێرەدا نە ئەگوونجێ و نە لە توانای نووسەری ئەو دێڕانەدایە کە باس لە سەر میکانیزمگەڵی ئەکتیڤ کردنی ژنانی کۆمەڵی کوردەواری بکرێ، بەڵکوو تەنیا مەبەست زەق کردنەوەی دووبارەی کەموکووڕیەکان و کارتێکەری چارەسەرکردنەکەی لە سەر داهاتووی بزووتنەوەیە. ڕەنگە بزووتنەوەیەک بتوانێ بە پشتیوانی دەرەکی بە سەرکەوتن بگات، بەڵام بە دڵنیاییەوە بێ پاڵپشتی و هاوهەنگاوی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت ژنان، سەرکەوتنی درێژخایەن وەدەست ناهێنێت.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوە کاراکردن و ڕەخساندنی مەیدانی ڕۆڵگێڕی ژنانی کوردە. داڕشتنی سەرلەنوێی پێناسەکانی خەبات و مەیدانی خەبات و خەباتگێڕ یەکێک لە زەروورەتەکانی ڕەخساندنی بەستێنی ئەو ڕۆڵگێڕییەیە.

گەلێک پتانسییەل و توانا و ئێنێرژی لە ژنانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەیە کە بەداخەوە تا ئێستا بەرنامەیەکی تۆکمە و کارامە بۆ کەڵک وەرگرتن لێیان یان دانەرێژراوە یان لە کار نەکراوە. هەڵبەت دیارە کەڵک وەرگرتن لەو توانا و پتانسیەلانە پێویستی بە ڕەخساندنی هەندێک پێشمەرجی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە هەیە کە لە ڕاستیدا بەوانەوە کۆی ئەو زنجیرە فاکتۆرانە بە باشی کار دەکەن. واتا، ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی سیستماتیک و بۆ ماوەیەکی درێژ و هەروەها بە شێوەیەکی بنەڕەتی، کێشەی لاوازیی

بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا چارەسەر بکەین بێگومان پێویستە ڕوانگەیەکی سیستماتیکمان بۆ مەسەلەکە هەبێت.

وێدەچێ، ناڕوونییەک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی نیشتمان لە بەشە جیاجیاکان و چین و تویژە جیاوازەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا بوونی هەبێ. لەگەڵ ئەوەیکە پەرژان بۆ ئەو پرسە گرینگە لە توانای ئەم نووسراوەیەدا نییە، بەڵام تێفکرین و دووبارە پێناسەکردنەوەی ماهییەتی کوردستان، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەیکە "فەلسەفەی وجوودی" بزووتنەوە و هەروەها ئامانجەکەی بە ڕوونی بۆ ژنان و هەموو کۆمەڵگە دەرکەوێ.

دوای ئەو ئاماژەیە، لێرەدا بە کورتی ئەو حەڵقانە باس دەکرێن کە لە سیستمەکەدا پێکەوە گرێدراون. یەکەم حەڵقەی ئەو زنجیرە فاکتۆرانە، **ئاوڕدانەوە لە سازکردنی میکانیزمی هاندان و هیوادار کردنی کۆمەڵگە بە بزووتنەوەکەیە.** ژنانی کۆمەڵگە، یان هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵ، کە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەچەوسێنەوە، کاتێک وره و ئیرادەی بەشداری لە بزووتنەوەیان تێدا بەدیدێت کە بزووتنەوەکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بووبێتە سەرچاوەی هیوا و هومێد بۆ ڕزگاری. بە چەشنێک کە ئەو سیگناڵە بە کۆمەڵانی سەرکووتکراوی خەڵک بگەیێنێ و بیسەلمێنێ کە سەرچاوەی هێزی بەهێزە و بە کردەوە نیشانیان بدات کە ئەو ئاڵتێرناتیڤە بەهێزەیە کە پەیامی جیدی و ڕوونی بۆ داهاتوو پێیە و ئەو کۆڵەکە قورس و قایمەیە کە دەتوانن پشتی پێ بسپێرن.

پاش ئەوەی کە هیوای کۆمەڵانی خەڵک بە بزووتنەوە بووژایەوە، ڕەوتی ڕەوێنەرەوەی ترس لە داگیرکەر دەست پێدەکات. ڕاپەڕاندنی سەرکەوتووانەی ڕەوتی ڕەوێنەرەوەی ترس لە داگیرکەر یەکێک لە

گرینگترین ئاڵقەکانیی ئەو ڕەوتەیە کە چارەنووسی بزووتنەوەکە بە خۆی دەبەستێتەوە. ئینجا دوای تێپەڕاندنی دەورەیەکی نە زۆر درێژ، چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بە تایبەتی ژنان، هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی بەشداری لە بزووتنەوەدا دەدەن. لەو قۆناغانەدا ئەوەی کە گرینگە گەیاندن و پەرەپێدانی هزر و بیر و ورەی رزگاریخوازییە بۆ ناو کۆمەڵگە بە زووڵاڵترین و کاریگەرترین شێوە. دوای ئەو قۆناغانەیە کە دەتوانین چاوەڕێی وەگەڕخستنی پتانسییەڵەکان بین و ببینین کە چۆن ژنان خۆیان دەست پێشخەر دەبن لە خولقاندنی شێوە و تاکتیکی نۆی خەباتدا .

ڕەنگە ئەو زنجیرە ئاڵووگۆڕانە بە مەودایەکی کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێ ڕوو بدەن بەڵام پێشمەرجی سەرەکی هەمووان ، **ڕەواندنەوەی ترس و هیوادار کردنی خەڵکە بە بزووتنەوەکە.**

فاکتەرێکی گرینگی تر لێرەدا، تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیەیە کە ئەگەر بە وردبینی، هۆشیارانە، زانستییانە و هەروەها بە خوێندنەوەیەکی واقعی لە بارودۆخی ناوچە لەگەڵیان مامەڵە نەکرێ تەواوی پرۆسەکە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێتەوە. بۆ وێنە دوای دابین بوونی هەلوومەرجەکە، واتا دوای ڕەواندنەوەی ترس، گەیاندنی ئەو پەیامە بۆ ژنانی کۆمەڵگە زۆر گرینگە کە گۆڕەپانی خەبات هەموو ئەو شوێن و کاتانە دەگرێتەوە کە دەکرێ لەواندا بە خەسار گەیاندن بە دوژمن و یارمەتیدان بە ئامانجەکانی بزووتنەوە چالاکی بکرێ.

لە کۆتاییدا، پێویستە دووبارە وەبیرمان بێتەوە کە ڕزگاری نەتەوەیی پێشمەرجی هەرچەشنە ڕزگارییەکی ترە و تا ئەو پێشمەرجە وەدی نەیە، نە ژنان دەتوانن ئازاد بن و نە کرێکاران و نە هیچ بەشێک لە

کۆمەڵگە. بۆیە گرینگە بە خوێندنەوەیەکی خەسارناسانە و ڕەخنەگرانە لە رابردوو، هەموو ئەو کەمایەسی و بۆشاییانە چارەسەر بکەین کە رێگر بوون لە خۆدیتنەوەی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بە تایبەتی ژنان لە بزووتنەوەی ڕزگاریدا.

تیشک

# رۆڵی ژنان
# لە ژیانی سیاسیدا

حەسەت سالح زادە

لە جیهانی ئەمرۆدا، لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە بەرابەری سیاسی ژنان لە گەڵ پیاوان مانای راستەقینەی نیە و زیاتر باری مافی پێوە دیارە. کۆسپ گەلێکی جۆراوجۆر لە سەر رێگەی بەشداری ژنان لە گۆڕێ دایە. بزووتنەوەی سیاسی ژنان وەختێک رووی راستی بە خۆیەوە دەبینێت کە خۆجۆش، رکابەر، بە کۆمەڵ، سازماندراو و ئیدیۆلۆژی گونجاوی تایبەت بە ژنان لە خۆ بگرێ. ئەگەر بەشداری سیاسی ژنان لە ژێر کارتێکەری تویژە کۆمەڵایەتی یەکانی دیکەوە (بە تایبەت لە سەر داوای پیاوان) شکل بگرێ، نارکابەر، بەرتەسک و فەردی بێ، واتە بە شێوەی بزووتنەوەی کۆمەڵ دەرنەکەوێ و بە تایبەتی لە سەر بنەمای ویست و حەزی پیاوانە بێتە ئاراوە، ناکرێ ناوی بزووتنەوەی ژنانی بۆ دابنێی. وەلانانی کۆسپە یاسایی یەکان و نوژەن کردنەوەی کۆمەڵگە بە خاوی، بە رادەی پێویست لە سەر بزووتنەوەی سیاسی ژنان کاریگەر نابێ. هەروەک لە کۆمەڵگەی رۆژئاواش بینراوە کە وەلانانی ئەم کۆسپانە نەیانتوانیوە بواری پێشکەوتنی ژنان ئاسان بکەنەوە، بەڵکوو تەنها بە بڵاو بوونەوەی کۆمەڵە روانگەیەک سەبارەت بە میزان توانایی و لێهاتوویی ژن سەبارەت بە بەشداری کردنی سیاسی وازیان لێ هێناوە. لە راستیدا، بۆچوونە لیبراڵەکان پێداگری لە بەشداری سیاسی ژنان دەکەن بە جۆرێک کە خۆیان لە گەڵ دنیای راستەقینەی سیاسەت رێکبخەن و بە رادەی پێویست خسڵەتی پیاوانەیان وەچنگ بکەوێ. لە روانگە سۆسیالیستی و فێمینیستی

یەکانـدا دەردەکەوێ کە زاتـی ژنـان لە گەڵ دەسـەڵات و دنیـای مودێڕنی سەنعەتی ناتەبایە، هەر بۆیە ئەوان پێیان وایە کە لە جیاتی ئەوەی هەوڵی دەسکاری کردنی خسڵەت و زاتی ژنان بدەین، دەبێ بیـر لە ئـاڵوگۆڕی فـۆڕمی دەسـەڵات و سـاختاری خاوەنـدارییەتی بکرێتەوە. دەوڵەت و سیاسەت دیاردەیەکی پیاو سالارانەیە و تەنها لە رێـگەی رێفـۆرمی دەسـەڵاتەوە دەکـرێ ژنـان بـۆ کـاری سیاسـی چالاک بکەی ئەگینا هەوڵی بەشداری ژنان بە شێوەی ئەمڕۆیی لە رەوتە سیاسی یەکانـدا هەوڵێکی بێ مانـایە و تەنها ژن راونـانی لـێ دەکەوێـتەوە. بە گشـتی لە بـزووتنەوەی ژنانـدا دوو رەوت لە ئـارا دابووە، یەکیان رەوتی لیبرالی کە ئامانجەکەی بەشداری کردنی ژنان لە نـاو نیزامـی سیاسـی جێگیرکـراو بـووە و ئەوی دیـکەش رەوتـی سۆسیالیسـتی کە پێـی وابـووە تەنهـا رێـگەی رزگـاری ژنـان لە گۆڕانکاری سیستمی سیاسی-ئابووری دێتەدی.

### سەرمەشقی کرداری سیاسی ژنان

پێرەوی ژنان لە رەفتاری سیاسی هاوسەرەکانیان:

یەکێ لە خاوەن بیران پێی وایە کە ئاکامی تەواوی هاوڕا بوونی ژن و پیاو لەوە دایە کە پیاو لە حەوزەی سیاسی خۆیدا بە سەر ژن زاڵ دەبێ. هەروەهـا لە زۆر بـواردا، بیـری سیاسـی ژنـان هەمـان بیـری سیاسـی هاوسـەرەکانیانە. هەر بەو پێـیە بەشـداری ژنـان لە ژیـانی سیاســی هاوبەشــدا ســەبەخۆ نــیە و تــابعی حەزو ئــارەزووی مێردەکەیەتـی. لە زۆر حاڵەتـدا بینـراوە کە لە درێـژەی گـۆڕینی

هاوسەری ژندا، ژیان و ئیدەی سیاسیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک پارێزکاری ژنان لە پرسی سیاسی و ژیانی رۆژانە دەگەیەنێ.

نەریتخوازی ژنان:

به پێی ئەنجامی هیندیک لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی رۆژئاوا، ژنان لە حیزبە نەریتی و قەدیمی یەکان زیاتر لایەنگری دەکەن، لە ئاکامدا سەقامگیری و شێوازی لایەنگری ژنان لە حیزبەکان بە نیسبەت پیاوانەوە بە هێز ترە. کە واتە بە لای ژنانەوە یاری کردن لە نێوان حیزبەکاندا گەلێک دژوارترە. لە لایەکی دیکەوە، وەک دەردەکەوێ ١ لە سەر ٣ی ژنان بێزاری خۆیان لە سیاسەت دەربڕیوە و پێیان وایە کە سیاسەت پێوەندی بە ژیانی ئەوانەوە نیە. هەروەها رادەی بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا لە میزانی پیاوان لە خوارترە و لە زۆر حاڵەتیشدا ژنان تەنها لە بەر دڵخۆشی هاوسەرەکانیان رێگەی سندووقەکان دەگرنە بەر.

**پێشینەی مێژوویی**

پێشینەی بزووتنەوەی ژنان و ئەندیشەکانی تایبەت بەوان، بۆ شۆڕشی مەزنی فەرانسە و رووداوەکانی دوای ئەو دەگەڕێتەوە. نووسەری فەرانسەوی ئولەمپ دوگووژ (Olympe de Gouges) (ساڵی ١٧٨٩ لە راگەیەندراوی مافی ژناندا رایگەیاند: "هەر وەک کە ژنان مافی ئەوەیان هەیە کە بچنە سەر پەتی سێدارە، بەمجۆرەش مافی ئەوەیان هەیە کە بچنە پشت تریبوۆن". لە میانەی

شۆڕشی فەرانسەدا ژنان دەستیان دایە دامەزراندنی کلوب گەلێکی شۆڕشگێڕانە. لایەنگرانی ئازادی ژنان نامەیەکی ئێعترازیان روو بە مەجلسی نیشتمانی بەم جۆرە بڵاو کردەوە: "ئێوە کە تێکڕای وشکەڕۆیی یەکانی رابردووتان تواندۆتەوە، نووکە چۆن رێگە دەدەن باوترین و قەدیمی ترین دیاردە بمێنێتەوە؟ ئایا ئێوە حازرن نیوەی کۆمەڵ لە رێز و پێگە، بە تایبەتی لە حوزور لە مەجلیس بێ بەش بێت؟" چەند ساڵ دواتر پرسی مافی ژنانی بریتانیا رای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. پاشان لە کۆتایی یەکانی سەدەی ١٨و لە نێوان ساڵەکانی سەدەی ١٩دا لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا مەسەلەی دەستەبەربوونی مافی ژنان هاتە رۆژەڤەوە و بە پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتی جۆراوجۆر داخوازی یەکانی خۆیان بە ناوەندەکانی بریار گەیاند. بەرچاوترین تەوەری خەباتی سەندیکا و بزووتنەوە سۆسیالیستی و دیموکراتییەکان باسیان لە بە دەستهێنانی مافی دەنگدان و پەیوەست بوونی ژنان بە شوورا و ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەکرد.

**بارودۆخی مێژوویی ژنان لە ئێران:**

لە ئێران کاردانەوە بە بارودۆخی نەریتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بزووتنەوەی مەشروتیەت. روانگەی کۆمەڵگەی ئێران سەبارەت بە ژنان حاڵەتێکی چرووک و سووک کەرانە بووە و هیچ دەرتانێکی بۆ چالاکی سیاسی تێدا بەدی نەکراوە. شێوەی هەڵسوکەتی ئەو سەردەمە لە وتەکانی "نیزام الملک توسی" بە روونی

دەردەکەوێ، کە بەم جۆرەیە: "در خبر است کە رسول فرمودە است کە با زنان مشورت کنید اما هر چە گویند بر خلاف ان باید کرد تا صواب اید. شاورهن و خالفو هن،اگر زنان عاقل بودندی پیغامبر این را نگفتی.

چاولێکەری لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی پیاو سالاری ئێران، لە بەرچاوگرتنی ڕێسای توندوتۆڵی حیجاب، سنووردارکردنی چالاکی ژنان بە کاروباری ماڵ و منداڵ، لە تایبەتمەندی یەکانی وەزعی ژنان لە ئێرانە. تەنانەت لە دەورەی قاجار لە برێک ناوچە مامەڵەیان بە ژن لە ژێر ناوی کەنیزدا دەکرد. لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ئاکامی پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی ئورووپایی، لە ئێران قوتابخانەگەلێکی هاوشێوە کرانەوە و کچان وەردە وردە توانیان لەوێدا خۆ ببیننەوە. لەو سەردەمەدا ئەگەرچی ژنان جاروبار جووڵەیەکیان دەبوو، بەڵام تەنها حاڵەتێکی شوێنکەوتوویی و وەک پاشکۆی داوای ئاخوندەکان و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە دەردەکەوتن و هیچ رەنگی تایبەت بە خۆیانی پێوە دیار نەبوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی مەلاکان و بە دوای رووداني شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەگەر ژنان هەڵی رێکخستنی چالاکی ژنانەیان بۆ رەخسابێ بە توندی سەرکوت کراون. یا ئەگەر پۆستێکی گرینگیان پێ ئەسپاردبێتن، لە پێشدا هەموو خسڵەتە ژنانەیەکانیان لە ستاندوونەوە و رۆحێکی زەبری ئاوێتە بە ئایین و بەڕبەڕییەت بە بەردا کردوون. ئەمانەش رەنگە لە ژێر هێژمونی بیری هێگێل دا بووبێت کە دەڵێ: "ژنان رەنگە خاوەن بیر، ئەندێشە و سەلیقە بن، بەڵام هیچ وەخت ئیدەیان بە قۆناخی تەکامول ناگات.

جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە جیاوازی نێوان ئاژەڵ و گیا دەچێ .... چونکە گەشەی ژنان هێمن ترە و هەرکە جڵەوی دەسەڵاتییان وەدەستەوە گرت، دەوڵەت تووشی مەترسی دەکەن. ژنان بە پێی عەقڵ و بارودۆخی رۆژ مامەڵە ناکەن، بەڵکوو ئەوە حەز و ئارەزووە بڕیاریان بۆ دەردەکا ...". گەلێک جاران لە بەرپرسانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئیران بیستراوە کە پاساوێکی هاوشێوە بۆ دەرهاوێشتنی ژنان لە پرسە گرینگەکانی رۆژدا دەهێننە گۆڕێ، رەنگە ئەمەش دەرەنجامی ئاوێتەی بیری ئایینی ئیسلامی و ئیدیۆلۆژی چەپی بونیادگەرا بێت.

## مێژوویی چالاکی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان

هێڵێک کە حکوومەتی ناوەندی تاران بۆ لە پەراوێزخستنی ژنانی کردۆتەوە تا ئەمڕۆ کراوەیە، داوێنی ژنانی کوردیشی چەند بەرابەر گرتۆتەوە. ئەگەر دەوڵەت بەرنامە یا پرۆژەیەکی پێشکەوتوانەی لە باری پەروەدە یا بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی رۆشنبیری دەهێنا ئاراوە، زۆر درەنگتر لە کوردستان و ناوچە بێبەشەکان پیادە دەکران. بەڵام هەروەک لە رەوتی مێژوودا دیارە، گەلی کورد بەردەوام خاوەن بزاڤی رزگاریخوازی خۆی بووە و کەم تا زۆر قوتابخانە گەلێکی مەعنەوی و هزری بونیاد ناوە کە بە جۆرێک لە سەر لاوانی کوردستان شوێنیان داناوە. شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد، رێکخراوە مودێرنەکان و دامەزرانی کوماری کوردستان بەشێکن لەو دامەزراوە

و ڕەوتانەی کە شوێنەواریان لە ڕاستای گەشەی هزری لاوانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان ماوەتەوە.

کۆماری کوردستان و پێگەی ژنان:

کاتێ کە لێکۆڵەران لە سەر بارودۆخی ژنان دەدوێن و هەڵدەسەنگێنن، تێکەڵ بوونی ژنی کورد بە سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازی بەرز دەنرخێنن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کۆردستان و بیروبڕوای ئازادیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی سەرۆکایەتی لە پلانفۆڕمی حیزبدا ئاماژە بە چەند خاڵی شایانی باس کراوە:

- پێکهێنانی ڕێکخراوەیەک تایبەت بە ژنان یا کومیتەیەک کە بناغەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە

- دامەزراندنی فێرگەی زمانی کوردی بۆ ژنان

- تەرخان کردنی ڕۆژنامە بۆ ژنان، وەک گۆڤار

- هەنگاونانی کردەیی بۆ گەڕاندنەوەی ڕێزو حورمەت بۆ ژنانی کوردستان

لە ئاکامی سەقامگیربوونی دەوڵەتی کوردیدا ژنان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە ڕۆڵیکی زیاتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە سیاسەتدا بگێڕن. لە پلاتفۆڕم و بەرنامەی کۆماردا بە ڕوونی باسی ماف و ڕۆڵی ژن کراوە و تا ڕادەیەکی بەرچاو بەشداری ژنانی دیاری کراوە. هەروەها بەشێک لە ژنان توانیوایانە تەپوتۆزی چەوسانەوەی پێشووی خۆیان بە دەستی ڕێژیمی داگیرکەری تاران بسڕنەوەو پێ بە پێی پیاوان خۆیان تیکەل بە مەیدانی تێکۆشان و خەبات بکەن.

هەر گەل و نەتەوەیەک لە مێژووی خۆیدا کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگیان هەیە کە دەتوانن لە پرۆسەی داهاتوویان و بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ و کەڵکیان لێ وەربگیردرێ. دەستەبەریی مافەکانی مرۆڤ، ساخکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و پێناسەی داخوازییەکان بەشێک لەوانەن. بەرز نرخاندنی هەندێک لە دەسکەوت و مافەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە کاتە ئاستەماکاندا وەک رەمزی کرانەوەی گرفتە سیاسی یەکان بەهرەیان هەیە و بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە. بێگومان کۆماری کوردستان بە رێبەری پێشەوا قازی محەمەد و کۆمەڵێک یاری وەفادارو فیداکاری ئەو سەردەمە، توانی جێگەی خۆی لە مێژوودا بە درەوشاوەیی بهێڵێتەوە و تێکڕای ئەو سیستەم و رێکخراوانەش بە خۆیەوە پەیوەست بکا کە لە خزمەتی مافەکانی مرۆڤدا بوون. کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەمەوە رێنسانسێکی مەزنی لە نێو گەلەکەی دا تۆمار کرد کە یەکێ لە ئامانجەکانی گرینگی دان بە شکۆ و مافەکانی ژنان بوو.

لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگای کوردستان تا سەر ئێسقان پیاو سالار، دەمارگیر و نەریتخواز بوو، دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سانایی نەیدەتوانی بە رادەی بەرچاو مەیدان بۆ حوزور و رۆڵی ژنان یا بە کورتی بۆ شکاندنی دیواری بڵیندی پیاو سالاری سوننەتی رێ خۆش بکا. بەڵام لەوکاتەدا تەنانەت دەنگ هەڵبڕینی ژنان بۆ خوێندنەوەی هۆنراوەیەکیش شتێکی گرینگ بوو. هەروەها مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ ژنان لە سەردەمی کۆماردا، یانی لە دوای

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دیاری کرا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە١٨ ساڵ دواتر  واتە ساڵی ١٣٤٢مافی بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ ژنانی ئێران پەسەند کرا. بەشێک لە لە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان لە حاجی و مەلا و بنەماڵە ئاینی پێکدەهاتن. ئەمەش ئەو پرسیارە دەخوڵقێنێ کە ئەم کەسانە تا چ رادەیەک دەیانتوانی بەشداری ژنان لە کۆمەڵگە و حیزب لە دەسەڵاتدا قبووڵ بکەن؟ ئەڵبەت هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەسەڵاتی سیاسی داگیرکەری تاران دەرفەتی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەرخساندبوو کە لەودا ژنان پێبگەن. زۆربەی ژنانی خوێندەواری ئەوکات میزانی خوێندەوارییان لە پۆلی ٦ تێ نەدەپەڕی، چونکو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئیمکانی خوێندن لەوە باڵاتر نەبوو.

به دڵنیایی ئەگەر شەمی تەمەنی کۆمار نەکووژایەتەوە و تاکوو ئێستا ئەو سیستمە ڕێبەریی گەلی کوردی بکردایە، لە گەڵ سەردەمدا نوێ دەبووەوە و زۆر بەکەمی یان هەرهیچ گوێمان لە هەواڵی کوشتنی ژنان و کچانی گەلەکەمان نەدەبوو و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر ژنان لە ئێران و ناوچەکەدا دەبوو. ئەگەر چی کۆماری کوردستان نەما بەڵام دەسکەوتەکانی ئێستاش هەر ماون و دەپارێزرێن.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەو ڕێکخراوەیە کە درێژەدەری ڕێبازی ڕێکخراوی ژنانی سەردەمی کۆماری کوردستانە و هەنووکە بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی دێموکرات و پیاوانی

مافخوازی ئەو حیزبە، هەر بەردەوامە و روو لە گەشەیە. هەرچەند وەک ڕێکخراوەکانی دیکە بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نیە.

بۆ بەقا و مانەوی ئەو ڕێکخراوە و هەروەها بۆ ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگە لە مافەکانی ژن، یەکەم ئەرکی ژنان ڕێزگرتنە لە مافەکانی خۆیان . هەر ژنێک نەتوانێ ڕیز لە مافی خۆی بگرێ، بە دڵنیاییەوە نابێ هیچ چاوەڕوانییەکمان لە پیاوان هەبێ کە ڕێز لە مافەکانیان بگرن. چونکە ژن خۆی دەتوانێ پاریزەری مافی خۆی بێ. رۆحی یەکتر ویستن و یەکتر قەبوڵکردن لە نێو ژنان دا، مەزنترین کردەوەیە بۆ سەرکەوتنی ماف و داخوازیەکانیان.

### پێکهاتەی ئەمرۆی ژنان

دیارە چارە نووسی ژنانی کوردستانیش وێڕای هەموان بە ئاقارێکی نەخوازراودا رۆیشتووە و لە رەوتی مێژووی خۆیاندا لە گەڵ گەلێک کۆسپ و ئاستەنگ رووبەڕوو بوونەتەوە. بەردەوامی سیاسەتی سەرکوت و بێ ئاکامی مافە رەواکانی گەلی کورد، ئەم تویێژەی تووشی دابڕان کردووە و بە چەند دەستە دابەشکراون. ئەگەرچی ئەم پارچە پارچە بوونە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە و دەبێ وەک راستییەکی خەمهێنەر چاوی لێ بکرێ. بەڵام بەوحاڵەش دەکرێ وەک دەرفەتێک بۆ تەواوکردنی ئامانجە تایبەتی یەکان کەڵکی بەسوودیان لێ وەرگرین. ژنانی ناو ریزەکانی شۆڕش، ژنانی پەڕیوەی هەندەران و ژنانی ناوخۆ، پێکهاتەی راستەقینەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان ساخ دەکەنەوە.

ژنانی ناو ریزەکانی خەبات یا هی دنیای ئازاد- ئەم تویژە لە ژنان سەرەڕای ئەوەی کە بە ڕێژەی پێویست خاوەن ئازادین و چالاکی یەکانیان سازماندراو بە بەرنامەن، بەڵام سەربەخۆیانەو بە رادەی چاوەروانکراو نە توانییانە پێوەندی پتەو بە ژنانی ناوخۆوە بگرن و نە ئەوەش لە ژێر رکێف و پاشکۆیی حیزبە سیاسی یەکانی پێوەندیدار بێنەدەرێ. لە لایەکی دیکەوە مافی مەوجودیەتی یەکێەتی ژنان لە ناو ریزەکانی خەبات، لە لایەن پیاوە سیاسی یەکانی ناو حیزبەکانەوە دەردەچێ و چالاکی و بڕیارەکانیان بە جۆرێک سنووردار کراون. ئەگەر ژنان بتوانن لە ریگەی یەکێەتی یەکانی خۆیانەوە داواکانیان بخەنە بەردەست رێبەرایەتی حیزب و مەرجداریان بکەن، بە دڵنیایی دەتوانن سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنن. دیارە مەرجەکان بە پێی بۆنە، زەمان، و مەکان، دەگۆڕدرێن. ئەگەر رێکخراوەکانی ژنانی شۆڕش بە رۆژ بکرێنەوە و ئاستی دەسەڵات و چۆنایەتی بڕیاراتییان بەرزتر بکرێتەوە، ژنانی ناوخۆ زیاتر گوێ رایەڵیان دەبن و خێراتر لەو ئامانجانە نێزیک دەبنەوە کە سالانێکە لە پێناویاندا خەبات دەکەن.

زۆربەی ژنانی تاراوگەنشین لە پێوەری بچووک تردا، خۆیان بە بەشێک لە ژنانی

سۆڕشگێڕ دادەنێن و بەو ئاواتەوە دەژین کە رۆژێک بگەڕێنەوە نیشتمانی ئازاد و تاسەیان دووره وڵاتییان بشکێت. ئەم تویژە لە ژنان سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگری بیری ئازادین و لە وڵاتانی دیموکراتیکدا نیشتەجێن، بەڵام لە بەر پەرتەوازەیی خۆیان لە لایەک و پێچاوپێچی ژیانی ئاسایی و ئیداری وڵاتەکەیان لە لایەکی دیکەوە،

بە پێچەوانەی ویستی خۆیان ناتوانن چالاکی یەکی ئەوتۆ بنوێنن و تەنها وەک بینەر چاو لە رەوتی رووداوەکانی کوردستان دەکەن.
ژنانی خەباتکار بەر لەوەی کە لە چاوەڕوانی دەستووری پیاواندا بمێننەوە، دەبێ بۆ خۆیان دەسپێشخەری بکەن و تەرح و گەڵاڵەیەک ساز بکەن کە نەک ژنان بەڵکوو هاندەری چینی لاوان و پیاوانیش بێ تا هەرچی زووتر و بە هەموو تواناوە بۆیان جێبەجێ بکەن. ئەم توێژە هەر هیچ نەبێ لانی کەم بەو ئاستە لە ئازادی گەیشتوون کە مودێلی پۆشەن بۆ خۆیان هەڵبژێرن، شان بە شانی هاوسەرەکانیان لە پیشەی دڵخوازی خۆیان بگەڕێن و ئەگەر بیانەوێ دەتوانن بە دوور لە گرفتە کۆمەڵایەتی یەکانی پانتایی پیاوسالاری کوردەواری سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هەروەها ئەو مافەیان هەیە کە لە دنیای تێکنۆلۆژی نوێدا مانۆڕ لێ بدەن و بە جۆرەی پێویست تۆڕی پێوەندیەکانیان لە دنیای مەجازی و راستەکیدا بەربڵاوتر بکەنەوە.
ژنانی ناوخۆی کوردستان- ژنانی ئەمڕۆی کوردستان بە دۆخێکی زۆر مەترسیداردا تێدەپەڕن و لە چوارلاوە دەچەوسێنەوە. روانگەی بێ رەحمانەی نیزامی سیاسی، یاسای دواکەوتوانەی کۆماری ئیسلامی ئیران، کۆمەڵگەی پیاو سالارو بازاڕی پڕ زرق و برقی ئێران کە ئەویش بەرهەمی سیاسەتی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی یە، بە جۆرێک لە ژیانی ژنانی کوردستان هاڵاون کە سەریان لێ شێواندوون و لە ئامانجە راستەقینەکانی خۆیانیان دوور خستوونەتەوە. ژنان لە لایەن چوار لاوە ئەوەندەیان رەخنە لێ گیراوە کە بە سانایی

دەستەوداوێنی "مەحکووم بوون" دەبن و بۆ مەسڵحەت ئاو بە ئاوردا دەکەن. داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێگەی سیاسەتی هەمەرەنگەوە وەها زیرەکانە مافی ژنانی کوردیان لە تویێ دەسیسە جادوویی یەکانی بە ناو دین و حەیا و شەرم حەشار داوە، کە تەنها شۆڕشێکی مەزنە دەتوانێ بیاندۆزێتەوە و لە داهاتوودا سەقامگیر ببن.

گەلێک جاران دەبینین کە بیر و هزری پیاوان لە روخساری ژناندا رەنگ دەداتەوە. بۆ وێنە پیاوێک کە هەڵگری بیری کۆنەپەرەستانەی لایەنێکی ئایینی بناژۆخوازە، یا ئەوەی کە بۆتە خۆفرۆش و لە یەکێک لە دەزگاکانی سەر بە رێژیمی داگیرکەر نان دەخوا، دەکرێ لە شێوەی رەفتارو جلوبەرگی ژنەکەیدا ببینین. بە واتایەکی دیکە، ژن لە کۆمەڵگەی داگیرکراوی ئێمەدا، ئاوێنەی باڵانوێنی ئیدیۆلۆژی گەورە پیاوی بنەماڵەن. تەنانەت ئەم دیاردە ناحەزە لە کاروباری بازەرگانیشدا بەرچاو دەکەوێت.

گریمان چوارچێوەی بنەماڵە بۆ ژنان وەک حەوشەیەکی ئەمن وایە و ژیانی سیاسی لەوێدا رەنگ دەداتەوە. پشتگوێخەری ژنان لە سیاسەت پێوەندی بە خسڵەتی خۆیانەوە هەیە و هۆکارەکەی بۆ نالەباریی فەزای گەشەی کۆمەڵگە و بەردەوامی هەڵاواردنی جینسی دەگەڕێتەوە. دەڤەرەکانی چالاکی ژنان لە باری ئابووری، هەلی کار، پەروەردە، وەرزش و هتد بە شێوەی عادڵانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دابەش نەکراون هەتا لەوێدا ژنانیش شان بە شانی پیاوان هەڵ بدەن و لە ئاقارە جۆربەجۆرەکاندا سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

**کۆتایی**

شۆڕشـــی ڕزگاریـــدەری هەر گەل و نەتەوەیەک کە بە تەمـــابێ گەلەکەی لە ژێـر دەسـتەیی بێنێـتەدەر و سـەربکەوێ، پێویسـتە ئەو ڕاستی یە بخاتە بەرچاو کە دەبێ چینی ژنان و بیـری ژنانە ئاوێتەی خەباتەکەی بکا. جێی ئاماژەیە کە ئەو بەشدارییەش تەنها بە هێزی مرۆیی و بانگەشەی ڕواڵەتی بە ئەنجام ناگات، بەڵکوو دەبێ زەمینەی لازم بۆ پێگەیاندنی ئەم چینە بێتە ئاراوەو لە لووتکەی دەسـەڵات و بڕیاردا خۆیان بدۆزنەوە.

سـازماندەرانی بیـری ڕزگـاری نەتەوەیـی کـورد دەبـێ بـارودۆخ و مێــژووی ڕاســتەقینەی ژنــانی کــۆمەڵگەی کوردســتان بە تێکــڕای نەهـامەتی و چارەڕەشـی یەکانەوە قەبـووڵ بـکەن. لە نـاو دەسـەڵاتی نگریس و ئەهریمەنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، هەرچەنـد کە یاسـا، ڕوانـگە و بڕیارەکـان بە شـێوەیەکی گشـتی و بـۆ هەمـوان ناپەسـند و سـەرلێو لە گـرژین، بەڵام زۆر بە بـێ ڕەحمـی بەرۆکـی ژنانیـــان گرتـــووە و ئازاریـــان دەدەن. ڕووپـــۆش، مـــانتۆ، لەچـــک، سەنگەسـار، ... تـایبەت بە ژنـانن و مـافی چـوون بـۆ چایخـانە، بـاڕ، یـاریگەی وەرزشـی، سـەفەری تەنیـا، ڕێورەسـمی بە خـاک سـپاردنی ئازیزانیان و زۆر شتی تریان لێ زەوت کراوە. لە حاڵێکدا ئەم مافانە گشتییان بۆ چینی پیاوان ئازادن.

ئەگەر ئاوڕێـــک لە ڕابـــردووی نێزیکـــی خۆمـــان بـــدەینەوە، لە کوردەواریـدا ڕووبەنـد و دەسـماڵی ژنـانە مێـژووی خۆیـان هەیە و

دەبینین کە کیژ، کابان، کەیخواژنان و چینەکانی دیکەی ژن هەر کام بە لە بەرچاوگرتنی ئاستی کەسایەتی و تەمەنی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتوون، بە رەنگی جۆراوجۆر رازاندوویاننەوەو بۆ شایی و خۆشی لە بۆنە تایبەتەکاندا خۆیانیان پێ جیلوە داوە. کەچی مخابن لەم ساڵانەی دوایدا دەسەڵاتی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران، وەک ئاڵاهەڵگر و رچەشکێنی بیری کۆنەپەرەستی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی دیاردەی نوێی ئیسلامی جیهادی، رەنگی ئەم هێما کولتووری یانەیان لە سەر ژنانی کورد کاڵ کردۆتەوە و بەردەوام هەوڵی بە لاڕێدا خستن و لە گرێژەنە بردنی ئاراستەکانی کیژو لاوی کوردستان دەدەن. هەروەها لە ژێر پشتیوانی سپی دەسەڵاتی رێژیمی ویلایەتی فەقیهی جینایەتکار، رەوت گەلێکی ئایینی لە کوردستان سەریان هەڵداوە و خەریکی نەهادینە کردنی سیاسەتێکن کە لەودا ژنانی لیبراڵ و ئازادیخواز بە سەرلێشێواو بێ ئامانج پێناسە بکەن و لایەنگرانی خۆشیان بە دیندارو موبارەک بشوبهێنن. لێرە لەم حاڵەتە هەستیارەدا ژنانی خەباتکار دەتوانن رۆڵی گرینگ و کاریگەر بگێڕن و لە رێگەی رێکخراوە و یەکیەتی یەکانیانەوە، زانیاری پێویست ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن و ژنان لەم پیلان گەلە وشیار بکەنەوە. ژنانی خەباتکار دەبێ لە رێگەی کاناڵە تایبەتی یەکانی خۆیانەوە پێوەندی بە ژنانی ناوخۆوە بگرن و خۆیان بکەن بە سەمبول و هێمای ئازادی و فیداکاری هەتا بتوانن ریزەکانی شۆڕش دەوڵەمەن بکەن و کیژان و لاوان بە رێکخراوەکەیانەوە پەیوەست

بـکەن. کـارتێکەری بیـرو ئەندیشـەی ژنـانی خەباتکـار پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بە قورسـایی ئەوان و مەترسـی یەکانیـان بـۆ سـەر دەسەڵاتەوە هەیە.

لە لایەکـی دیـکەوە، گەیشـتن بە مـاف و ئـازادی، خەبـاتی درێژخـایەنی پێویسـتە، یـانی ژنـان نـابێ ڕووی ئاراسـتەی چـالاکی یەکانیان تەنها لە ڕۆژی ٨ی مارس بێت. هەر وەک چۆن مەینەت و گرفتاری یەکانی تایبەت بە ژنان ڕۆژو ساتی دیاریکراوی بۆ نیە، ئەوانیش دەبێ هەموو سات و ڕۆژێک بە هی خۆ بزانن و دەست لە تێکۆشان بەرنەدەن.

هەر وەک لە سەرەوە باسمان کرد، ژنانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە هـۆی کۆسـپە یاسـایی و کولتـووری یەکانیـان، بە ڕادەی پیـاوان دەرفەتی گەشە و نەشـەی سیاسی و فکری یان بۆ نەرەخساوە. کە واتە پیاوانی ئازادیخوازو دیموکراتیش دەبێ ئەم ڕاستی یە قەبووڵ بکەن و ڕێگە نەدەن کە کەسانێک بە سوودی خۆیان کەڵکی خراپ لەم ڕاستیە وەربگرن. بۆ وێنە ڕێبەرایەتی حیزبە کوردستانی یەکان بە بیانووەی ئەوەی کە چینی ژنان بە ڕادەی پێویست خۆ لە شۆڕش نادەن و پێ نەگەیشتوون، بێن تێکڕای پۆستەکانی ڕێبەری بۆ خۆیان پڕ بکەنەوە، ڕوانگەیەکی هەڵەیان ڕەچاو کردووە. چونکوو ئەم کارە هەڕەشەی جیدیە بۆ سەر یەکێتی نێوان ژن و پیاوی کۆمەڵگە و ژنان زیاتر تووشی دووره پەرێزی دەکا.

وەک دواوتە، هەروەک دەزانـین ئەمـڕۆکە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، وەک حیزبێکـی سـەرەکی و خـاوەن پـێگەی

کوردستان، لە لایەک هەوڵی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە ژێر هێژمونی هێمای سەمبولیک و ورەبەخشی "ڕاسان" دەدات و لە لایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی هەرچی بەشکۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٦یەمی خۆی دایە، پێوستە ئەو گرینگی یە لە بەرچاو بگرێ کە ژنان سەرەڕای ئەوەی کە هەوێن و چاشنی ڕاپەڕینن، بە نیوەی کۆمەڵیش بە حیساب دێن.

# بەشداری ژنی کورد
# لە خەباتی رزگاری خوازی دا

فاتمە عوسمانی

به درێژایی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنی کورد وەک نیوەی کۆمەڵی کوردەواری ،باوەرمەند بە کێشەی نەتەوەیی و ئازادی کورد لەخەباتی ئەو بەشەی کوردستان دا بەشدار بووە. لە خۆبردوویی و فیداکاری بەرچاوی ژنان لە رەوتی ئەو بزوتنەوەیەدا خۆی نیشانەی باوەری قوڵی ژنی کورد بە ئازادی نەتەوەیی بووە و تەحەممولی ئەو ئازار و مەینەتیانەی کە لەو ڕێگایەدا تووشی هاتووە ،بۆ ئەو بڕوایە دەگەرێتەوە و هێندیک جاریش خۆیان هاندەر و کاریگەر بوون لە سەر بەشێک لە کۆمەڵگا بۆ پێویستی درێژەدان بەو خەباتە.هەر ئەو باوەرەش وای کردووە کە ژنی کورد هەمیشە بە خواستی خۆی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و مێژوویيە بەرێوەببا و ئەو لە خۆ بردووییە بە ئەرک بزانێ.

لەگەڵ ئەوەی کە ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی جیانەکراوە لە خەبات و بزوتنەوەی کوردە و بە هۆی ئەوەی کە خزمەت لەو بواریدا زیاتر بە ئەرکی خۆی زانیوە،کەمتر توانای خۆی خستۆتە خزمەت کێشەی جنسیەتی خۆی و هێندک جار لەو بوارەش دا زەرەرمەند بووە و زیانی وەبەر کەتووە.بەڵام بەداخەوە باوەر و لە خۆبردوویی ژنان بۆ خزمەت کردن بە پرسی نەتەنەوەیی نەک وەک هێزێکی مرۆیی لە نێو بزوتنەوەدا وەبەرچاو نەگیراون بەڵکو دەکرێ بەڵێن هەتا ئێستاش باوەر بە توانا ئینسانیەکانی ژنان لە بواری بەشداری سیاسیان زۆر نزم و کەم رەنگە و هەر لە بنەرەتدا روانگەیەکی جنسیەتی و بە کەم گرتن لە سەر رۆڵی ژن لە

نێو حیزبە سیاسیەکاندا بوونی هەیە. قەناعەتی ژنان بە بوونیان لەو ئاستە سیاسیە و گرینگی نەدان بە رۆڵی ژنان لە خەباتدا وای کردووە کە بە گشتی بەشداری سیاسیان بە شێوەیەکی کاریگەر زۆر کەم رەنگ بێ و ژنانیش بە هیوای ئەوەی کە دوای چارەسەری پرسی نەتەوەیی و رزگاری ئەو بەشەی کوردستان رادەی بەشدارییان بگاتە ئاستێکی بەرز و بەربڵاو کە بەو هۆکارانەی باسمان کرد نەیتوانیوە یان نەیویستووە لەو بوارەدا کاریگەری لە سەر رۆڵی سیاسی خۆی چ لە بزوتنەوەدا و چ لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا (وەک ناوەندی بڕیاردان) هەبێ. بەڵام ئەوە بەو واتایە نایە کە ژنی کورد لە بواری پێگەیشتوویی سیاسیەوە لاوازە . چونکە ژنانی کورد لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە تاراوگەش لە زۆربەی بوارە کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئەدەبی و ...چالاکن و لە هەر بوارێکیش دا جێ دەستیان دیارە و لە بواری سیاسیش دا خاوەن باوەڕ و هەڵوێستن.بۆیە ئەو فەزایەی کە لە چەندساڵی رابردوو و لە راسانی رۆژهەڵاتدا پێکهاتووە بەستێنێکی گونجاوە بۆ رۆڵی سیاسی و بەشداری ژنان لە بەرەو پێشبردنی رەوتی گرێدانی خەباتی شاخ و شار و بە هێز کردنی رێکخراوە مەدەنیەکان لە نێوخۆی وڵات و خستنەگەری توانا سیاسیەکانی ژنان.چونکە ئەو خەباتە بە بێ بەشداری ژنان وەک بەشێکی کاریگەر لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوتنی تەواو وەدەست ناهێنێ.

ئەو بەشداریە لە لایەکی دیکەشەوە لە بەرژەوەندی ژنان دایە،ئەویش پێک هێنانی بەستێنێک لە بەشداری بەربڵاوی ژنان لە

بواری سیاسیدا و سەرئەنجام وەرگرتنی رۆڵی شیاوی ژن لەو بوارەدا بە جورێک کە دوای سەرکەتن ،پێگەی سیاسی ژن بە شێوەیەکی بەرچاو دەستەبەر و مسوگەر بێ. ئەوەش بە بەشداری بەرینی ژنان لە رەوتی خەباتی رزگاری خوازی دا دیتە ئاراوە.

# ژنان لە
# خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتیدا

مەجید حەقی

**بەشداری ژنان بۆچی؟**

"من حەز لە ژنان دەکەم کاتێک کە بە تەنیا دەیانبینم، بەڵام لە ناو ڕێکخراودا لێیان دەترسم". ئەمە وتەی لیندۆن جۆنسۆن ٣٦مین سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٩ە. لە پێوەندی لە گەڵ بەشداری ژنان لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا. بۆچی ژنان دەبێ لە کاری ڕێکخراوەیی و بزاڤی نەتەوایەتیدا بەشداری بکەن؟ ژنان لە کۆمەڵگای پیاواندا چی دەکەن؟ ئێمە لێرەدا باسی پێویستی بوونی ڕێکخراوی ژنان ناکەین، چونکە هەرکام لە ڕێکخراوەکان هۆیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دامەزراون و چالاکی لەو پێناوی ئامانجە دیاری کراوەکانی خۆیاندا دەکەن. ئەوە کە ڕێکخراوی جیاوازی ژنان هەیە و ئەوان خۆیان ڕێک دەخەن، بە واتای ئەوەیە کە بنەمای جوڵانەوەی ژنان لە گەڵ پیاوان هەندێک جیاوازیان هەیە. ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگای پیاواندا چالاکی دەکەن. لەو ڕێکخراوانەدا ژنان دەسەڵات و ئەرکەکان لە نێوان یەکتر دابەش دەکەن و هاوبەشییەکیان لە گەل پیاوان و کۆمەڵگا نییە. بوونی ڕێکخراوی ژنان نیشانەی ئەوەیە کە سەرەرای ئەوەی کە ژنان لە ناو خۆیاندا خاوەنی کێشە و پرسەکانی خۆیانن بەڵام بەشێکی پەراوێزخراو لە کۆمەڵگایەکن کە پیاوان بڕیاردەری سەرەکی لەو کۆمەڵگایەدان. لە کوردستاندا بەدەیان ڕێکخراو هەن کە لەواندا دەسەڵات تەنیا و تەنیا لە دەست پیاواندایە و ژنان هیچ ڕۆڵێکیان لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا نیە.

بەشـداری راسـتەوخۆی ژنـان لەو ڕێکخـراوانەی کە دەسـەڵاتی سـەرەکی لە دەسـت پیاوانـدایە دەکرێـت ببێـتە هـۆی بەرەو پـێش چوونی بزاڤـی ژنـان. چـونکە لە هەلـومەرجێکی ئەوتـۆدایە کە پیـاوان ناچار دەبن بەشێک لە دەسەڵاتی خۆیان لە گەڵ ژنان دابەش کەن. لێـرەدایە کە بزاڤـی ژنـان بـۆ یەکسـانی خـوازی لە گەڵ کۆمەڵگـای پیاوان خەبات دەکات و زەمیـنەی گۆڕانی بنەڕەتـی لە کۆمەڵگایەکی نـادادپەروەر و پەراویـز خەرەوە بەرەوی کۆمەلگـایەکی یەکسـان و بەشداریکار پێک دێنێت.

لەو وتـارەدا پرسـی خەبـاتی رزگـاری خـوازانەی ژنـان لە روانـگەی "ڕاسان"ی رۆژهەڵاتەوە تاوتوێ دەکرێت و لەسەرەتا کورتەباسێک لە پێوەنـدی لە گەڵ بزاڤـی یەکسـانی خـوازانەی ژنـان لە جیهـان بـاس دەکرێـت و بەدوای ئەو باسـی ڕێکخراوەکـانی تـایبەت بە ژنـان و رۆڵیان لە کۆمەڵگادا بەتایبەت ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران دەکرێت و لەو روانـگەیەوە هەوجەیـی و پێویستی بەشـداری راسـتەوخۆی ژنـان لە بزاڤـی نەتەوایەتـی و ڕێکخراوەکـانی "پیـاو دەسـەڵات بەدەسـت" شـی دەکـرێتەوە. پرسـیارێک کە هەر پیاوێـک دەبـێ لە خـۆی بکـات ئەوەیە: "چـۆن دەتـوانین جـگە لە وەدیهێنـانی یەکسـانی و دادپەروەری یـارمەتی ژنانێـک بـدەین کە هەموو داهاتووی مرۆڤایەتی و جیهان بەبوونی ئەوانە گرێدراوە؟"

**ئەزموونێک لە جیهانەوە:**

رابـرت بلـوومێر یەکێـک لە بیرمەنـدانی زانسـتی کۆمەڵناسی بزاڤـی کـۆمەڵایەتی بەو شـێوەیە شـی دەکـاتەوە: "جـۆڵانەوەی کـۆمەڵایەتی

بریتیە لە کۆمەڵێک بۆ ئاڵوگۆری ژینگەی کۆمەڵایەتی یان بەشێکی دیاری کراو لە پێوەندیەکانی زاڵ لە کۆمەڵگادا یا خود بە مەبەستی پێکهێنانی گۆرانکاریەکی گەورە و ڕێنوێنی نەکراوا لە ناو کۆمەڵگا بە بەشداری بەشێکی زۆر لە خەڵک".

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شی کردنەوەیە دەکرێ جوڵانەوەی ژنان لە چەند سەدەی رابردوودا "بزاڤی ژنان" ناو ببردر. بزاڤی ژنان لە راستیدا خەباتێکە بۆ وەدەست هێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری. لەو پێوەندیەدا یەکێک لە یەکەم پەرتووکەکانی بە ناوی "لە ئازادی ژنانەوە تا فێمینیزم" کە لەلایەن ئاماندا سێباستیان (Amanda Sebastyen) کۆمەڵناسی بریتانیایی لە ساڵی ١٩٨٨ەوە چاپ و بڵاو بووە. ناوبراو لە پرتۆکەدا دەڵێ: "ئازادی سەردەمێک نیشانەی ویستی هەزاران مەکتەبی هزری جۆراوجۆر بوو. ئازادی ژنان بۆ خۆی لە ناو یەکێک لەو مەکتەبە جۆراوجۆرانە دەبینی".

جوودیت ئاستێلارا (Judith Astellara) نووسەری ئیسپانیایی لە ساڵی ١٩٨٤ فێمینیزم بەو شێوەیە شرۆڤە دەکات: فێمینیزم پلانێکە بۆ ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و هەروەها بزاڤێکە بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ژنان." بە لە بەرچاوگرتنی ئەو وتەیە فێمینیزم وەک بەشێک لە بزاڤی کۆمەڵگا بۆ جڤاکێکی مرۆڤانەتر هەمیشە لە مێژوودا بوونی هەبووە و هەوڵی داوە. تایبەتمەندیەکانی تایبەتی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسی ئەو کۆمەڵگایانە بخاتە ژێر باندۆری خۆی. زاراوی "فێمینیزم" یەکەم جار لە دەسپێکی سەدەی

نــووزدەهەم لە لایەن شــارل فێــووریەر سۆسیالیســتی فەرانســەوە دۆزرایەوە و بەکار هێنرا. ئەو زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا لە ١٨٩٠ کاتێک بەکار بردرا خەباتیان دەکرد بۆ مسۆگەکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان. لە خەباتی رادیکال و چەپی سەدەی نوزدەهەم نەتەنیا مافی بەکۆمەڵ بەڵکوو مافی تاکەکانیش لە هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بەکار دەهێنــرا. هەر ئەو تێگەیشــتنەبوو کە ژنــان هەوڵــی زۆریانــدا بــۆ شــوێندانەری لە ســەر پرۆســەی سیاســی وڵاتــان و شــوێندانەری لە کۆمەڵگەدا.

ئەم زاراوەیە لە ســاڵی ١٨٩٠ بــۆ ژنانێــک کە لە بریتانیــا بــۆ بە دەســت هێنــانی مافەکــانی خۆیــان خەباتیــان دەکــرد بەکــار هێنــرا. لە جوڵانەوەکانی رادیکال و شۆرشگێرانەی سەدەی نۆزدەهەم خەبات نە تەنیا بۆ مافی یەکسانی نێوان تاک بوو بەڵکوو بۆ دەسەڵاتی خەڵکیش بوو. ژنـان لەو بـڕوایە دا بـوون گەر خەڵـک مـافی ئەوەی هەبێت کە شوێندانەر بێت لە کۆمەلگە دا، دەبێ ئەو یاسایە ژنـانیش کە نیوەی کۆمەڵگــان بگــریتەوە[١]. راســان و پرســی بەشــداری ژنــانیش لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت: ژنان کە نیـوەی کۆمەڵگان و داوایـان لێ دەکرێت بەشداری خەباتی نەتەوایەتـی و رزگاری خـوازانە بـن، دەبـێ بتـوانن شـوێندانەری خۆیـان لە بەرێـوەبەری و بەشـداری لە داڕشـتنەوەی نوێـدا بسـەلمێنن و لە رەوتـی خەبـات و بڕیاردانـدا بە شێوەی یەکسان بەشداری بکرێن.

[١] روباتام، شیلا، ١٣٨٧، زنان در تکاپو: فمینیسم و کنش اجتماعی، ترجمە حشمت‌الله صباغی، چاپ دوم، تهران، شیرازە، ل ٨ – ١٠.

ئـێمە دەتـوانین بزاڤـی ژنـان لە دوو روانـگەوە نزیـک بیـنەوە: لە روانگەی بووچوون و تیـۆریەک وەک یەکێک لە قوتابخانە هـزری و فەلسـەفیەکان ببینـدرێ یـا خـود وەک جـۆڵانەوەیەکی کـۆمەڵایەتی ومێژوویی. جۆڵانەوەی نەتەوایەتی کورد جۆلانەوەیەکی رۆشـەنگەری، کۆمەڵایەتی و شوێندانەرە کە بەهـۆی هەلـومەرجی داسـەپاو بە سـەر کوردسـتاندا هەلـی گەشـەکردنی قوتابخـانە فەلسـفەفییەکانی لە کۆمەلگـە ئەسـتاندووە لەو رووەوە جـۆڵانەوەی فێمینیسـتی و ژنـانی کوردستانیش ناکرێ تەنیا وەک رەهەندێکی فەلسـەفی و مەکتەبێکی هزری چاو لێبکرێت. بۆیە لەو نووسراوەیەدا مەبەستی ئێمە ئەوە نـیە بچینە ناو قـووڵایی باسـە تیۆریەکانی پێوەندیـدار بە فێمینیـزم بەڵکـوو ئامانج پیداچوونەوە بە کورتەمێژووی سـەرهەڵدانی بزاڤی فێمینیستی لە وڵاتانی جۆراوجۆر و شوێندانەریان لە سەر کۆمەڵگاکانیانە.

**سەرهەڵدانی فێمینیزم:**

بزاڤی ژنـان وەک هەمـوو بـزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی دیـکە لە نـاخی کۆمەڵگە و هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی و چانـدی کۆمەڵـگەی جیهـانیەوە سـەری هەڵـداوە. سـەرهەڵدانی بزاڤـی فێمینیسـتی زۆر هـۆ دەگەرێـتەوە کە دەتـوانین هۆیەکـانی: گوتـاری نـوێگەرایی و زەمینەسازی هـزری لە ریگـای ئەو، سیسـتمی ئابووری سـەرمایەداری و شـوێندانەری ئەو لە سـەر رەوشـی ژنان و هەروەها دەوڵەتـی مـۆدێرن و لیبـراڵ و پرسـی مـافی ژنـان ئەو سێ لەو هـۆیە گرینگانە ناو بەرین.

به سـەرهەڵدانی هـزری سـەدەی نـوێ و رۆشـەنگەری مـرۆڤ بەرهەڵەستی هەرجـۆرە بیـر و هزرێکـی رەهـا و پـاوانخواز دەبێـتەوە. مـرۆڤ سـەنتەری، عەقڵانیەتـی مـۆدێرن، تەسـلیم بـوون و خـۆ بەدەسـتەوەدانی کوێرکـوێرانە قبـووڵ ناکـات. هاوکـات لە گەڵ گۆرانکاری لە هەموو رەهەنـدەکانی ژیانی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـیدا گۆرانکـاری لە ژیـنگە، قەوارەی سروشـت و هەروەهـا بەرفراوانبـوونی بەرهەمهێنـان دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە چاوەڕوانی مرۆڤ لە خۆی ومافەکانی خۆی گۆرانکاری بەسەر بێت. پـارادیمی شۆرشـی فەرانسـە و ئەمریکـا بـوونە هـۆی کـردنەوەی دەروازەی بەهێز بوونی داخوازی یەکسانی خوازانەی ژنان. بنەماکانی ئەو دوو شۆرشـە بریتـی بـوون لە بـڕوا بە مـافی رەهـای مـرۆڤ، رەتکـردنەوەی مەشـرووعیەتی زنجیرەکـانی دەسـەڵاتداری لە سـەر بنەمـای پـاوانخوازی، گرێـدراوەیی مەشـرووعیەتی حکـوومەت بە رەزامەندی خەڵک ئەو گوتارانە بوون کە دەیتوانی لایەنگری ژنان بە خۆیـان راکێشـێ و ژنـان بتـوانن بە کەڵـک وەرگـرتن لەوان داوای مـافی یەکسـانی خۆیـان بـکەن. تەنـانەت لە روانـگەی ئایینیشـەوە رێفـۆرمی ئـایینی و سـەرهەڵدانی پرۆتێسـتانیزم و رەتکـردنەوەی دەسەڵاتی پاوانخواز لە سەر مرۆڤ بوو بە هۆی خۆباوەری ژنان لە ناو بزاڤە ئایینەکانیشدا.

ئەندێشەی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و سەرنجدان بە رەوشی ژنان و پێویستی سەربەستییان لە هەلومەرجی هەیی (مەوجوود) لە ناو رۆشنبیران و بیرمەندانی سەدەی رۆشنگەری پەرەی سەند. ئەو

کەسانە لەو بڕوایە بوون کە گەر کەموکۆریەک لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ژن و ئەندێشەی پێوەندیدار بە ژنەوە هەیە دەبێ لە ڕێگای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییەوە قەرەبوو بکرێتەوە. ژنانیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هزرەدا خوازیاری یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوون: مادام ڕۆڵان (Roland) و ئولوومپ دیگووژ (olympe de Gouge) لە شۆرشی فەرانسەدا خوازیاری مافەکانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوون. لە بریتانیا کاترین مەکئاولی (Catrine Macauley) لە ساڵی ١٩٧٠دا ڕایگەیاند کە کۆمەڵگە بەرپرسی سەرەکی کەموکۆرییەکانی تاکەکەسی و خاڵە لاوازەکانی ژنانە. دوای سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێبیگیل ئادامز هاسەری جان ئادامز دووەمین سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٧٧٧ لە هاوسەرەکەی داوا دەکات کە پرۆژە یاسایەک لە مەڕ چاککردنەوەی ڕەوشی ژنان لە وڵاتەکەدا ئامادە و جێبەجێ بکات. لە گەڵ ئەمانەش بێگومان یەکێک لە گرینگترین و ڕێکوپێکترین هەوڵی ژنان بۆ ڕەخنە گرتن لە ڕەوشی هەیی و هێنانەگۆری داخوازی ژنان لە کتێبی "بەرگری لە مافی ژنان" لە نووسینی مێری وۆستلۆن کرافت ( Mary Woolstoncraft) ی بریتانیاییە کە بە یەکەمین مانیفیستی گەورەی فێمینیستی دەناسرێت[٢].

گۆرانکارییەکانی ئابووری لە ئاکامی شۆرشەکانی پێشەیی لە ساڵەکانی ١٨٢٥-١٧٥٠ بوون بە هۆی ئەوەی کە بە هۆی ناسین و

---

[٢] مشیرزاده، حمیرا،١٣٨٨، از جنبش تا نظریه اجتماعی( تاریخ دو قرن فمینیسم)، چاپ چهارم، تهران، شیرازه، ل: ٦ بۆ ١٦

داهێنانی سیستمی نوێی بەرهەمهێنان قەوارەی ئابووری و خێرایی گەشەکردنی ئابووری ئاڵوگۆری بەسەردا بێت. لە ئەنجامدا سیستمی بنەماڵەیی کە تا پێشووتر لە سەر بنەمای وەرزیری ژیانی بەرهەمهێنانی خۆ و هەرێمی گریدراو بوو تووشی ئاڵوگۆر بێت و بەرهەمهێنان ئیتر لە ماڵەکانەوە وەک شێوەیەکی سەرەکی لە چالاکی ئابووری نەمێنێت و جێی ئەو کارخانە و بەرهەمهێنانی بەکۆ (Mass production) بگرێتەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیتر بنەماڵەکان نەبنە بەرهەمهێنەر و ژنان کە تا دوێنی هاوبەشی داهاتی بنەماڵەیی بوون لە ماڵدا بمێننەوە و تەنیا پیاوان بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی خۆیان لە دەرەوەی ماڵەکان کار بکەن و بەوە ژنان کارکردی ئابووی خۆیان لە دەست دا. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی پێویستی بە هێزی کاری هەرزان و فراوان ڕێگا بۆ ڕاکشانی ژنان بۆ بازاری کرێکاری و خزمەتگوزارییەکان کراوە. سەرمایەداری بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بوو بێت ڕۆڵی هەبوو لە گەشەکردنی زانیاری بەکۆمەڵ. لە لایەک زەمینەی پەرەسەندنی پیشەی ڕاگەیاندنە گشتییەکان وەک کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤار پێک هاتو و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گەشەسەندنی پەروەردەی گشتی زەمینەی دەست پێراگەیشتنی ژنان بە فێربوون و پەروەردە پێک هات. هەروەها بە گەشەسەندنی بەشداری ژنان لە بوارەکانی کاری گشتی، پەروەردە و خزمەتگوزارییەکاندا ئەوان لە گەڵ جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکی کۆمەڵایەتی ئاشنابوون و بەوە پرسیاریان بۆ خوڵقا بۆچی حەقدەستی ژنان و پیاوان یەکسان نیە؟ دەوڵەتە

لیبـرال و پێشـەییەکان سـەرەرای ئەوەی کە باسـی یەکسـانی نێـوان مرۆڤەکـان و شـارۆڤەندانیان دەکـرد بەڵام بەکـردەوە مەبەسـتیان لە مـرۆڤ و شـارۆڤەند پیاوەکـان بـوون و ئەمەش دژی بنەمـای هـزری گشتگر و مرۆڤ پەسەندی یەکسانی نێـوان هەمـوو مرۆڤەکانـدا بـوو. لە راسـتیدا دەرگـای کۆمەڵگـەی سیاسـی و بڕیـاری سیاسـی بەسـەر ژناندا داخراو بوو و ژنان ڕێگەیـان پێ نەدەدرا بەشداری لە بڕیـاری سیاسـی بـکەن. دەوڵەت لە ڕێگـای دەرخسـتنی یاسـا و ڕێسـای جۆراوجۆر کە لە بەرژەوەندی پیاواندا بوو، یەکسانی مرۆڤی تەنیا بۆ پیـاوانی چینـی دەسـەڵاتدار مسـۆگەر دەکـرد و ژنـان لە دەرەوەی بـازنەی دەسـەڵات و بڕیـاردان دەمـانەوە. بە هـۆی بـوونی ئـازادی ڕێکخستن بۆ ژنان دەرفەتی خۆڕێکخستن رەخسا تا بتوانن لە ڕێگای ڕێکخراوەکـانی خۆیـانەوە پێکهێنـانی کۆمەڵگـای مەدەنـی داوای مـافی یەکسانی خۆیان بکەن و بە کەڵک وەرگرتن لە راگەیەنە گشتییەکان داواکانیـان بەرەوپـێش بەرن. بەوە کۆمەڵگـەی پیشەسـازی بەرەبەرە زەمینەی بەشداری ژنان و شکڵ گرتنی ئاگاداری ژنان لە ناسـنامەی خۆیـان و دەسپێکی جـۆلانەوە کۆمەڵایەتییەکانی یەکسانی خـوازانەی خۆش کرد.

## ژنانی ئورووپا:

یەکەم شەپۆلی بزاڤی کۆمەڵایەتی ژنـان بە دروشـمی "یەکسـانی و بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی" لە فەرانسە سـەری هەڵـدا و لە راسـتیدا دژکـردەوەیەک بـوو بە راگەیانـدراوی

پیاوسالارانەی مافی مرۆڤی فەرانسە کە لە ساڵی ١٧٨٩دا پەسەند کرابوو و لەو ڕاگەیاندراوە دا دان بە مافی ژنان نەهێنرابوو. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بەرهەمەکانی کەسانی وەک ماری وولسۆن کرافت، جان ستروارت میل و سێن سیمۆن چاپ و بڵاو کرانەوە. هەندێک کەس کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دوای شۆرشی گەورەی فەرانسە بە خاڵی دەسپێکی بزاڤی کۆمەڵایەتی ژنان دەزانن. هەندێکیش هۆی دیکەی وەک سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم و ئایدیۆلۆژی تازە کە پێی نابووە مەیدانی کۆمەڵایەتی بە دەسپێکی بزاڤی ژنان دەزانن. سۆسیالیزم کە باس لە یەکسانی مرۆڤ دەکات، باس لە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیش دەکات. بە پێچەوانەی لیبرالیزم کە دروشمی یەکسانی و بەرابەری مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤی بە هۆی جیاوازی ئابوورییەوە ناتوانێت یەکسانی تەواو لە ناو کۆمەڵگە دا وەدی بێنێت. سۆسیالیستەکان لە ١٨٣٠بە دواوە پێشرەوی بزاڤی یەکسانی خوازانەبوون لە بریتانیا و فەرانسە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین: سەرهەڵدانی ئایدئۆلۆژی سۆسیالیزم لیبراڵەکانی ناچار کرد کە دان بە بەشێک لە مافە زەوتکراوەکانی ژنان بهێنن.

چارتیستەکان (Chartism) کە بزاڤی کرێکاران بوو لە ساڵەکانی ١٨٣٨-١٨٤٨ داوکاری مافی دەنگدان بۆ پیاوان و دانی مافی خاوەنداریتی بە نوێنەرانی پەرلەمانی بریتانیا بوو. ژنانیش لە ساڵی ١٨٤٨دا بەشداری ئەو جوڵانەوەیە بوون و بە دەرکردنی یەکەمین ڕاگەیاندن بە ناوی مافی دەنگدانی ژنان کە لە لایەن ئانێ نایت

(Anne knight) ئامادە و بڵاو کرابووە لە لایەن پەرلەمانی ئەوکاتەوە رەد کرایەوە. بەدوای ئەودا لە ساڵی ١٨٦٥ بزاڤی سیاسی ژنان دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٨٦٧ "یەکیەتی نەتەوەیی" پێک هات و دەست کرا بە رێکخستنی مانگرتن و رێپێوان بۆ ئامانجی سیاسی ژنان. سەر ئەنجام لە ساڵی ١٨٦٩ جان استوارت میل فەیلەسووفی بریتانیایی کتێبێکی لە ژێر ناوی "لێگەری ژنان"[٣] بڵاو کردەوە و خۆی یەکەم پرۆژە یاسای "مافی دەنگدانی ژنان"ی پێشکەش بە پەرلەمانی بریتانیا کرد.

گرووپێکی لە ژنانی بریتانیایی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم جوڵانەوەیەکیان بە ناوی سووفرگەیت یان "مافی دەنگدان بۆ ژنان" (Suffragette) پێک هێنا و لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا دەستیان کرد بە مانگرتنی بەربڵاو و کردەوەی سابۆتاژ توانی ببێتە هۆی کاردانەوەی زۆری دەسەڵاتدارانی سەردەم. ژنان لە ساڵی ١٨٧٨ یەکەم کۆنگرەی نیونەتەوەیی مافی ژنانیان لە فەرانسە بەرێوە برد. خەباتی سووفرگەیت لە لایەن ژنانی ئەفریقای باشوور، فەرەنسی و ئەمریکاییەوە پشتیوانی لێکراو و سەر ئەنجام لە کۆتایی شەری یەکەمی جیهانی دا پەرلەمانی بریتانیا یاسایەکی دەرکرد کە بە پێی ئەو ژنانی سەرەوەی تەمەن ٣٠ ساڵ مافی دەنگدانیان پێ دراو و ساڵی ١٩٢٨ ژنانی تەمەن ٢١ ساڵە مافی دەنگدانیان وەرگرت. ساڵی ١٩٢٠ ژنانی ئەمریکا مافی دەنگدانیان پێدرا. لە وڵاتی فینلاند ساڵی ١٩٠٦ ژنان مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا و ساڵی ١٨٩٣ ژنانی

[3] The Subjection of Women

نیوزلاند مافی دەنگدانیان وەرگرت و لە ساڵی ١٨٨١ ژنان لە دوورگەی پیاوان (Isle of Man) و لە ساڵی ١٨٦٩ لە وایومینگی (Wyoming) ی ئەمریکا ژنان مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا. پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەلایەتی ژنان کە دەبوونە هۆی زەختی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە سەر دەوڵەتەکانیان تارادەیەکی زۆر قەرزاری هزری سۆسیالیستی و ئەزموونەکانی ژنان بوو لە جۆڵانەوەی سۆسیالیستی لە ئورووپا. ڕێکخراوگەلێکی وەک "یەکیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان" کە لەلایەن ئێمیلینە پانکورست (Emmeline Pankhurest) لە ساڵی ١٩٠٣ دامەزرابوو ئامانجی سەرەکی خۆی بە دەست هێنانی دەنگی یەکسان لە نێوان ژن و پیاو دانابوو کە لە ساڵی ١٩١٨دا لە ئاڵمانیا ئەو ئامانجەی پێکا.

دوای کۆتایی هاتنی شەری دووەمی جیهانی، کۆمەڵگای جیهانی کە ماندوو لە توندوتیژی پیاوانە تینووی ئاشتی و دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەکانی جیهان بوو، مەیدانێکی تازە بۆ حزووری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان پێک هات. بە جۆرێک کە جاڕنامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ یەکەمجار بەڕاشکاوانە باسی یەکسانی مافی ژن و پیاو لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا کرد. کتێبی "زایەندی دووەم" لە لایەن سیمۆن دێ بیۆڤۆر ([4] Simone de Beauvoir) لە ساڵی ١٩٥٢ بلاو کرایەوە. هەروەها لە لایەن فێمینیستەکانی دیکەی بریتانیاوە بۆ نموونە جوولیێت میشێل و

[4] The Second Sex, 1949

نووسـەرانی دیـكە پەرتـۆک و بـابەتی پێوەنـدیار بە فێمینیـزم و مـافی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دا بڵاو کرانەوە.

## جۆڵانەوەی ژنانی ئەمریکا:

گەشـەکردنی تـاکگەرایی، لیبرالیـزم و رووداوەکـانی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی نـاوخۆی ئەمریکـا وەک شـەڕی نـاوخۆیی و رەوتـی پەسەندکردنی دستووری بنچینەیی ئەو وڵاتە لە سەر گەشە سەندنی بزاڤـی ژنـان شـوێندانەر بـوون. سـاڵی ١٨٢٩ ژنێکـی سـپی پێسـتی ئەمریکـا لە رێگـای نـامەیەک بـۆ گۆڤـاری "ژنـان" کە گۆڤـارێکی نەریتخوازانە بووە لە ژنان داوا دەکات بۆ رزگاری "کوێلەکان" خۆیان رێک خەن. لە ساڵی ١٨٣٢ یەکەم رێکخراوی ژنان دژی کوێلەداری لە هەریمەکانی فیلادیلفیا و بۆستۆن دامەزراو و دواتـر لە شارەکانی دیـکەش ئەنجـوومەن و کـۆمەڵی دژی کـوێلەداری دامەزران. یەکەم کۆنوانسیۆنی ژنـان دژی کـوێلەداری لە ئەمریکا لە سـاڵی ١٨٣٧ بە بەشـداری ٨١ ژن لە دوازدە ئەیـالەتەوە لە نیۆیـۆرک پێـک هـات. دوای ئەو کۆنوانسـیۆنە ژنـان کەوتـنە بیـری پێکهێنـانی رێکخـراو و جۆڵانەوەیەکی سـەربەخۆ بۆ بەرەوپێش بردنی مافەکانی ژنان. بەوە ژنان نە تەنیا لە بیری رزگاری کوێلەکان بـوون بەڵکوو بۆ ئازادی و یەکسانی مافەکانی خۆشیان خەباتیان دەست پێ کرد. ژنان دواتـر کەوتنە بیری چالاکی سەربەخۆ لە بزاڤی دژی کوێلەداری[5] بۆ ئەوەی هاوکات لە گەڵ خەبات دژی کویلەداری بیر لە داهاتوو و مافەکـانی

---

[5] Abolitionism

خۆیشـیان بـکەنەوە. لە پووشـپەری ١٨٤٨دا کـۆنگرەی سـناکفالزیان پێکهێنـاو لەوێ جاڕنامەیەکیـان بەنـاوی "جاڕنـامەی بیروبۆچـوون و بڕیارنامەکان سناکفالز"[٦] بڵاو کـردەوە. لەو جاڕنامەیەدا وێـرای ئاماژە بە مێژووی زوڵم و ستەم لە ژنان لە سـەر پێویستی مافی یەکسانی ژنـــان و پیـــاوان لە هەمـــوو ئاســـتەکانی ئـــابووری، پەروەردەیـــی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەڵوێستیان دەربری. ژنانی ئەمریکا لە شـەڕی نـــاوخۆیی ئەمریکـــا دا (١٨٦١-٦٥) زۆرتـــرین چالاکیـــان دژی کوێلەداری بـوو. ئەوان بە پێکهێنـانی "ئەنجـوومەنی ناوەنـدی ژنان بـۆ یارمەتیـــدان" هەوڵیـــان دا وێـــرای ئەوەی کە پشـــتی بەرەی شـــەر پێویسـتییەکانی خزمەتگـوزارییە سـەرەتاییەکان بـۆ بەرەکـانی شـەڕ و پێراگەیشـتن بە برینـدارەکان وەدی بێـنن، هاوکـات بە هێنـانە پێشـی مـافی کوێلەکـان پرسـی مـافی ژنانیشـیان بەرەوپـێش دەبـرد. لەو سـەردەمە دا دوو ڕێکخـراوی خەبـات بـۆ مـافی ژنـان بە ئامـانجە جیاوازەکانەوە بە ناوەکانی "ئەنجوومەنی ئەمریکایی مافی دەنگدان بـۆ ژنان" و "ئەنجوومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنان" دامەزرابوو.

بزاڤـی ژنـانی ئەمریکـا لە سـاڵی ١٨٩٠وە تـا ١٩٦٠ بەدەیـان سەرکەوتن و شکستی بەخۆیەوە بینیوە و سال بە ساڵ ژنان توانیویانە بەشێک لە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و مافەکانی خۆیان مسـۆگەر بکەن. سەر ئەنجام لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٠ ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسەندکردنی هەندیک بڕیارنامەی پێوەندیـدار بە مافی ژنان، پرسی ژنان کـرا بە پرسێکی نیـونەتەوەیی و سەرانسـەری

[6] Resolutions and Sentiments of Declaration Falls Seneca

جیهـانی. جارنـامەی دژی هەڵاواردنــی ژنـان لە سـاڵی ١٩٦٧ەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە بە پێشـەکییەک و یـازدە مـاددەوە پەسـەندکراو کە یەکێـک لە باسـەکانی پرسی مـافی سیاسی، مـافی هەڵبژاردنی ئازادی هاوسەر و خوێنـدن بـوو. بە دوای ئەودا لە ساڵی ١٩٧٩ "کۆنوانسیۆنی لابردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێـک دژی ژنان" لە لایەن کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندکرا.

لە سـەرەتای دەیەی ١٩٨٠ بە دواوە بزاڤـی ژنـان و بە تـایبەتی ئەدەبیـاتی پێوەندیـدار بە بزاڤـی یەکسـانی خـوازی رۆژ بە رۆژ گەشـەکردنی زۆرتـری بە خـۆیەوە بینیـوە و رۆژنـامە، گۆڤـار و بـڵاو کـراوەی تـایبەت بە ژنـان لە لایەن رێکخـراوە سیاسـی، ناسیاسـی و مەدەنییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

چـالاکی بـەرفراوانی رێکخراوەکـانی ژنـان لە دەسـپێکی دەیەی ١٩٨٠ی زاینیـی بەدواوە بە شـێوەیەکی ئاشـکرا هەسـتی گەشـە کـردووی فێمینیـزم و بزاڤـی یەکسـانی خـوازی لە ئەمریکـا بەرزتـر کـردۆتەوە. ئەمەش کـاردانەوەی بـووە لە سـەر هەڵوێسـتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پیوەنـدی لە گەڵ مـافی ژنـان و بەرەوپێش چـوونی پرسی ژنان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. لەو پێوەندیەدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبـوونەوەی تـایبەت بە ژنـانی لە سـاڵەکانی وەک: کۆنفرانسـی« کۆپێنهـاگ (١٩٨٠)، نـایرۆبی (١٩٨٥)، پـێکەن (١٩٩٥)، نیویـورک (٢٠٠٠)، دووربـان (٢٠٠٥) و شانگهای لە چین (٢٠٠١) و هتد پێک هێناوە بە بەجێ گەیاندنی ئامانجی لابردنی هەلاواردنی یەکجارەکی دژی ژنان.

لە  ساڵی ٢٠٠٠ بە دواوە یەکێک لە هەوڵەکانی یەکیەتی ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان جێگیرکردنی لانی کەمی بەشی ژنان لە بەرێوەبەری و رێبەری رێکخراوە، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان و تەنانەت کەرتی تایبەتی دا بووە. لەو پێناوەدا یەکیەتی ئورووپا یاسایەکی پەسەند کردووە بۆ دیاری کردنی لانی کەمی بەشی زایەند (جێندەر)ی بەرامبەر لەو کۆمپانیانەی کە بەشداری بۆرسی جیهانین.

## رۆڵی ژنان لە شەری رزگاریخوازانەی ڤیەتنام:

ژنانی ڤیەتنام رۆڵێکی سەرەکییان لە شەری سەربەخۆیی ئەو وڵاتە دژی ئەمریکا گێراوە. بەر لەوەی کە ڤیەتنام لە لایەن فەرانسەوە داگیر بکریت، ژنانی ڤیەتنامی بە پێی نەریتی رۆژهەڵاتییەکان خاوەنی هەندێک مافی سنووردار بوون. پەروەردەی کۆنفۆسیوس ژنان ناچار دەکات کە ئەوان گوێرایەڵی باب، مێرد و کورەکانیان بن. دەوڵەتی کۆلۆنیالی فەرانسە هیچ ئاڵوگۆریکی بەسەر ژیانی ژناندا نەهێنا و ژنان هەروا ژێرفەرمانی پیاوان مانەوە. لە بەرامبەردا فەرانسەویەکان بە کەڵک وەرگرتنی جینسی و سێکسی لە ژنانی ڤیەتنامی دەرد و رەنجی ژنانی ڤیەتنامیەن چەندجار قورس کرد. ژنانی ڤیەتنامیش وەک پیاوانیان هۆی زۆریان هەبوو بۆ دژایەتی لە گەڵ کۆلۆنیالیزمی فەرانسە. لەو هەلومەرجەدا کمۆنیستە سەربەخۆیی خوازەکان وێرای خەبات بۆ سەربەخۆیی بەرەوانیان لە مافی ژنانی وڵاتیان دەکرد[i].

ژنـانی ڤیەتنـام مێژوویـەکی دوور و درێژیـان هەیە لە خەبـات. لە ساڵی ٤٠ی زایینی دا ژنانی ڤیەتنامی خەباتێکی قارەمانانەیان کرد لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی چینی و هێزی داگیرکەریان تێک شکاند. لە مـاوەی سـەدەی بیسـتەمدا ژنـانی ڤیەتنـام لە بەرامـبەر ژاپـۆن، فەرانسـە و دواتـر ئەمریکـا خەباتیـان کـردووە. لە مـاوەی شـەری دووەمی جیهانیدا ژنانی ڤیەتنام رۆڵێکی سەرەکیان گێرا لە شکستی هێزەکـانی ژاپـۆن. لە گەڵ ئەوەش خەبـاتی سـەرەکی ژنـانی ڤیەتنـام دژی ئەمریکـا و ڤیەتنـامی باشـووری بـوو. زۆربەی ژنـانی بەشـدار لە شەڕی سەربەخۆیی خوازی ڤیەتنام گەنج و کەم تەمەن بوون. ژنانی کەم تەمەن و لاو، ئاسـان بـوون بـۆ پەروەردە کـران و بەرپرسـایەتی بنەماڵەییان نەبوو. لە لایەکی دیکەوە سەربازە ئەمریکاییەکان ژنانیان وەک هێزی چەکداری و گەریلا بە جدی نەدەگرت.

هەموو ژنانی ڤیەتنام بەشداری شەریان نەدەکرد. بەشێک لەوان لە رێگای کار و چـالاکی ئابووری و خەبـاتی مەدەنـی هەوڵیـان دا ببـنە "ڕەهەنـدی سـێهەمی" خەبـاتی سـەربەخۆیی خـوازی. ئەو ژنـانەی پشتیوانیان لە ئاشتی دەکرد و جارو باریش رێپێوان و خۆپیشاندانیان رێک دەخست. ئەمریکا لە بەرامبەر گەشەکردنی کمۆنیزم و خەباتی چەکداریـدا پشـتیوانی لە رەهەنـدی سـێهەم دەکـرد بەلام بە هـاتنە نـاوەوەی ئەمریکـا بـۆ شـەڕی ڤیەتنـام، ئەو هێـزە جێـی خـۆی بە هێزەکانی لایەنگری شەڕ دا.

دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕی ڤیەتنـام و شکسـتی ئەمریکـا، ژنـان بەشێکیان گەڕانەوە بۆ سـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان و بەشـێکیش وەک

برینـدار و کەمئەنـدامی شـەڕبوون. حیزبـی کمۆنیسـتی حـاکم دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕ ژنانیـان هانـدا بـۆ پێکهێنـانی ژیـانی هـاوبەش. هەرچەنـد بـۆ بەشـێک لەوان زۆر درەنـگ بـوو. ژنـانی دوای شـەر لە گەل بەرهەڵستێکی دیکەش بەرەورووبوون ئەویش نەخوێندەواری و سـنووورداری بـۆ ژنـان لە خوێنـدن و نووسـیندا و هەروەهـا توندوتیژیەکانی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی. سەرەرای ئەمەش مێژووی فەرمی ڤیەتنام باسێک لە بەشداری ژنان لە شەری سەربەخۆییان ناکات. سەرەرای بەشداری چالاکی ژنان لە خەباتی سەربەخۆیی خـوازی لە ڤیەتنامـدا ئەمـرۆ ژنـانی ڤیەتنـام بە مـافی سـنووردارەوە خاوەنی ئەو پلە و مافانە نین کە شایانی ژنانی ئەو وڵاتەن.

### ژنان فینلاند:

فینلاند لەساڵی ١٩١٧ سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا. لە مـاوەی خەباتی سەربەخۆییخوازیدا ژنانی فینلاند رۆڵێکی گرینگیان دەگێرا لە بەرەوپـێش بردنـی بزاڤـی نەتەوایەتـی و پاراسـتن و شـاردنەوەی ئەو پیـاوانەی کە دەبـوایە بـۆ سـەربازی ئیجبـاری بـۆ تـزاری رووسـیە بچوونـایە. لە شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا ژنـانی فینلانـد رۆڵێکـی بەرچاویان لە بەرەکانی شەر و پشتی جبهە گیرا و بە کۆتایی هاتنی شـەڕیش بە بەشـداری لە ژیـانی ئـابووری بـۆ دانەوەی قەرەبـووی شەڕی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و فینلاند، قۆناغەکانی کۆمەڵگایەکی یەکسانیان پێوا. رەوشی ژنان لەو رۆژەوە لە فینلاند گەشەی کرد کە ئەوان لە ساڵی ١٨٦٤دەستیان کرد بە خەبات بۆ رزگاری لە ژێر

سایەی "سەرپەرەستی" باوک یان پیاو و لە تەمەنی ٢٥ساڵی دا توانیان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن. بەرلەوە کاتێک ژنان تەمەنی ٢١ ساڵیان پڕ دەکردەوە دەیانتوانی داوای سەربەخۆیی بکەن. دواتر لە ساڵی ١٨٩٨ تەمەنی سەربەخۆیی و "بلووغی" ژنان وەک پیاوان بوو بە ٢١ ساڵە. ساڵی ١٩٠٦ ژنانی فینلاند وەک یەکەم ژنانی وڵاتانی ئورووپای مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا و ساڵی ١٩٢٦ ژنان مافی ئەوەیان بەدەست هێنا کە وەک پیاوان خۆیان بۆ کارە دەوڵەتییەکان ناوزەد بکەن. لە ساڵی ١٩٢٩ بە هۆی گۆڕانی یاسای هاوسەرگیری ژنان و پیاوان بوونە خاوەنی مافی وەک یەک لە ژیانی هاوبەشدا و سەر ئەنجام لە ساڵی ٢٠٠٠ خاتوو تاریا هالۆنێن وەک یەکەم ژن لە مێژووی فینلاند بە سەرکۆماری هەڵبژێردرا.

**باکووری کوردستان باشترین ئەزموونی بەشداری ژنان:**

بەشداری ژنان لە خەباتی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان پڕڕەنگتر لە هەموو بەشەکانی دیکەدا بووە. لە سالئ ١٩٩٠ کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕیاری دا ڕێگای ژنان بۆ بەشداری لە خەباتی چەکداری و ڕێکخراوەیی بکاتەوە و بەدوای ئەوەدا بە شێوەیەکی سیستماتیک ئاستی بەشداری ژنان لە هەموو ئاستەکانی ژیانی ڕێکخراوەیی گەشەی سەندووە. هاوکات لە ناوشارەکانی باکووری کوردستانیش پێڤاژۆی بەشداری ژنان لە کار و چالاکی سیاسیدا پەرەی سەندووە و لەو ماوەیە دا ژنان زۆر بۆ

سەرۆکایەتی و هاوسەرۆکایەتی شارەوانییەکان، ئەندامەتی پەرلەمان لە باکووری کوردستان هەڵبژێردراون. زۆر لە ڕێبەرانی پلە یەکی پارتی کرێکاران لە ژنان پێکهاتوون و بە کردەوە هێزێکی ۴ – ۵هەزاری لە ژنانی گەریلا پێک هاتووە  کە شان بە شانی پیاوان، بەشداری لە خەباتی سیاسی و چەکداری پارتی کرێکاران دەکەن. پارتی کرێکارانی کوردستان بە فێربوون لە ئەزموونی سۆڤیەت، ڤیەتنام و ئەمریکای باشووری و ئەفریقای  لە مەڕ بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا ستراتیژی خۆی بەشێوەیەک دارشتووە کە لانی کەم، ئێستا لە ماوەی خەباتی چەکداریدا ژن نەبنە پاشکۆی پیاو. ئەمەش بۆتە هۆی بەهێز بوونی بزاڤی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بتوانن بەشداری بکەن لە خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتی لە باکوور.

لە سێ ساڵی رابردوودا خەباتی ژنانی رۆژئاوا و بەشداریان لە شەری دژی تیرۆر و دەسەڵاتی داعش سەرنجی هەموو جوڵانەوە ئازادیخوازەکانی جیهانی بەخۆیەوە راکشاوە. ئێمە لە لێکدانەوەی رۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا لە ئەزموونی هەموو بەشەکان و بە تایبەت باکوور و رۆژئاوا  کەلک وەردەگرین. چونکە ئەزموونی باکوور و رۆژئاوای کوردستان نیشانی دا کە ژنان دەتوانن لە کۆمەڵگەی پیاو و پیاوسالارانە دا رۆڵ بگێرن و ببنە هێزێکی چارەنووسساز.

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

یەکیەتـی ژنـانی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران کە دێرینتـرین ڕێکخـراوی ژنـان لە کوردسـتانە، لە سـەر دەسـتی پێشـەوا قـازی مـحەمەد سـەرکۆماری کوردسـتان و ریـبەری حیزبـی دیمـوکرات دامەزراوە. یەکیەتـی ژنـان لە سـەردەمی دامەزراندنیـدا بەهـۆی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی تەنیا توانیویەتی هەندیک کاری سەمبۆلیک بۆ چالاککردنی ژنان لە ناو کۆمەڵگای نەریتی کوردستان ئەنجام بدات و دوای رووخانی کۆماری کوردستان و نسکۆی حیزبی دێموکرات بە کردەوە نەیتوانیوە هیچ چالاکیەک بکات و تا دوای شۆرشـی سـاڵی ١٩٧٩ دووبـارە بە هانـدان و ڕێـبەری شـەهید د. قاسـملوو چـالاک کـرایەوە. حیزبـی دێمـوکرات سـەرەرای بـاوەری بەرنامەیی و سیاسی بە یەکسانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە، جاری نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ستراتێژیەکی کردەوەیی لە چالاککردنی ژنان بەشێوەیەکی یەکسان لە ناو بزاڤی سیاسی و چەکداریدا.

**ڕاسان و پێویستی نووسینی مێژوویەکی نوێ لە بەشداری ژنان:**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە سـەرنجی بەرنامـەیی خۆی داوەتـە پرسـی ژنـان و بەشداری و مـافی یەکسـانی ئـەوان لـە گـەڵ پیـاوان لـە کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و بنەماڵەییـدا. کەمتـر لە دوومانـگ دوای دامەزرانـدنی کۆمـاری

کوردستان بە پشتیوانی و یارمەتی پێشەوا قازی محەمەد یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. بەوە کۆماری کوردستان و پێشەواقازی محەمەدی رێبەری حیزبی دیموکرات لە سەر پێویستی بەشداری ژنان لە خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری پێداگری کرد و پەیامی ئەوەی بە ئێمە دا کە بەبێ بەشداری چالاکانەی ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا کۆمەڵگە ناتوانێت رووی ئاشتی، گەشەکردن و بەختەوەری بەخۆیەوە ببینێ. پرسی ژن بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو روانگەیەوە پرسێکی پرەنسیپی و بنەماییە کە بەداخەوە بەهۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر شۆرشەکەمان نەتوانراوە بەو جۆرەی کە پێویستە بەرەو پێش بروات.

لە مەیدانی کردەوە دا ئەو دروشمە تەنیا خەملێنەری جەژنەکان و قسەکانی بۆنەکانی سیاسی و کولتووریەکانمان بووە و هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ زەمینەسازی و جێبەجێ کردنی دروشمی یەکسانی کۆمەڵایەتی لە ناو ریزەکانی حیزبدا هەلنەگیراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی جیهانی حیزبێکە کە بە دەستی "پیاوان" دامەزراوە، جۆری تێگەیشتنی سیاسی، بیروباوەر و سەلیقەی پیاوانە داریژەری سیاسەت و پلانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزب بووە و لەو روانگەیەوە کێشەی ژنانی لە بەرچاو گیراوە. هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی جڤاکی کوردستان بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان نەتوانن بە ئازادی و بەو شێوەیەی کە بۆ پیاو

دەلویٚ بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن. تا چەندین ساڵ لە مەبەر ژنی کورد تەنیا وەک دایکی پێشمەرگە، دایکی مناڵی پێشمەرگە و پشتیوانی شۆرش دەبینرا و بەو شێوەیە سەرەرای رێزگرتن لە فیداکاری ژنان، ئەوان لە راستیدا شارۆڤەندی پلە دوو لە شۆرشدا بوون و بەشداری کردنیان لە خەباتی چەکدارانەدا لە گەڵ زۆر بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی بەرەووو دەبوو. ویستی فیزیکی خەباتی چەکداری، چاوەروانی "پیاوانە" لە ژنان هەبوو، ژنان لە ناو ریزی شۆرشدا ئەمرۆشیٚ لە گەڵ بیٚ، کاتێک دەتواننن بە کردەوە پلەکانی بەرپرسایەتی بپێون کە سروشتیان "پیاوانە" بێت و لە ژن بوونی خۆیان دوور کەونەوە. لە کاتێکدا راست تایبەتمەندی ژن بوونی ژنانە کە ناوەرۆکی بەشداریان لە بەرپرسایەتی و رێبەری حیزبدا دەوڵەمەند دەکات نەک بە پێچەوانەی. هەلومەرجی دەسپێکی قۆناغی راسان لە هەموو بوارێکی ئابووری، سیاسی، ژینگەیی، کولتووری و پێوەندییەکانەوە جیاوازە لە گەڵ قۆناغەکانی پێشووی خەبات. نەوەیەکی نویٚ لە کوردستان سەری هەڵداوە کە بینەری گەشەسەندن و پێشکەوتنی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندایە. رادەی ژنانی خوێندکار و سەرکەوتوو لە زانکۆکاندا زۆرجار لە رادەی پیاوان زیاترە. ئەمرۆ ئیتر کاتی رێکخراوە "یەدەکەکان" بەسەر چووە و سەردەمی بەشداری راستەوخۆی ژنان لە خەباتی سیاسی، ریکخراوەی و چەکداریدایە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژوو، شکاندنی نەریتە کۆنباوەکان و هێنانە گۆری گوتاری نوێیە. هەرچۆنێک دامەزراندنی حیزبی

دیموکرات و دواتر راگەیاندنی کۆماری کوردستان ڕێنیسانی خەباتی نەتەوایەتی و مۆدێرن کردنی ئەو خەباتە بوو، ئەمرۆ بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە نووژەن کردنێکی نوێ هەیە.

لە ماوەی دوو سێ کۆنگرەی رابردوودی حیزبی دێموکرات دا زۆرجار باسی بەشداری ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا کراوە، پرسی "سهمیەی ژنان" - هەرچەند لە پەراوێزدا - خراوە بەرباس بەڵام مەسەلەی بەشداری ژنان لە ڕێبەری و بەڕێوەبەری حیزبدا بە هۆی "هەل و مەرجی تایبەتی" ناوخۆیی حیزبەوە لە بیر کراوە و تەنیا لە قاڵبی دروشمی ئێمە پیاوان ماوەتەوە. بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسی بەشداری ژنان و لاوان لە ڕێبەری حیزبدا تەنیا پرسی "خەملاندنی جنسی موخالف " نیە، بەڵکوو دەبێ ببێتە پرسێکی "پرەنسیبی" و ئەخلاقی. مەسەلەی بەشداری ژنان پێوەندی بە فەلسەفەی ڕاسانەوە هەیە و بۆیە هەوڵدان بۆ بەشداری ژنان لە ئاستی ڕێبەریدا تەنیا گرفتی ژنان نیە، بەڵکوو گرفتی تەواویەتی جوڵانەوە و پیاوانی بەشدار لە جوڵانەوەی رزگاری خوازانە دایە کە زۆربەی رەهای ڕێبەری و بەڕێوەبەری سیاسیان لە پاوانی خۆیان راگرتووە. .

مەبەست لە یەکسانی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی هەل و مەرجێکە کە لەو دا ژن و پیاو وەک یەک_**شانسی بەشداریان لە پرۆسەکانی داڕشتن و بڕیاردانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبێ.** بۆ ئەوەی کە لانی کەمی زەمینەی شانسی وەک یەک پێک بێ، دەبێ مکانیزمێکی گونجاو بۆ بەشداری ژنان لەو پێوەندییە دا لە بەرنامە و

پێـرەوی نـاوخۆیی حیزبـدا هـەبێ. بـوونی مکـانیزمێکی نووسـراو لـە پێـرەوی نـاوخۆی حیزبـدا لـەو رووەوە گرینگـە، کـە ئەنـدامان و رێکخراوەکانی حیزبی بـەدەر لـە چۆنیـەتی بیرکردنـەوەیان لـە سـەر پرسی ژن ناچار بە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە دەبن  و بەوە لە لایەک "زێهنیەتە کۆنەکان" لە ناو حیزبدا بەرەو لە ناوچوون دەچن و لە لایەکی دیکەوە بۆ ژنان لانی کەمی مەیدانی بەشداری یەکسانانە لە گەڵ پیاوان دەخولقێ. لەو پێوەندییە دا زۆر گرینگە کە ژنان بە تایبـەت لـە پرۆسـەکانی ئامـادەکردنی برِیـارە سیاسـیەکاندا بەشـدار بکرێن نەک تەنیا لە ئاستەکانی خـوارەوە جێبـەجێ کـەری بریـار بـن. بەشداری نەدانی یەکسانی ژنان لـە کاروباری سیاسی و پرۆسـەکانی بریاردانداا لە رادەی بەشداری و ئەنگیزەی چالاکی ژناندا دەبینـرێ، کاتێـک ژن خـۆی بـە "مرۆڤـی پلـەدوو " لـە نـاو حیزبێکـدا بینـێ، کـە دروشـمی "یەکسـانی کۆمەڵایـەتی" دەدات بـەڵام بـە کـردەوە ئـەوان پـەراوێز دەکـرێن، سروشـتیە کـە ئـەوان ئەنگیزەیـەکی ئـەوتۆ بـۆ بەشـداری لـە کـارو چالاکیەکانـدا نـابێ و کـەمتر هـەوڵ دەدەن لـە توانایی و لێوەشاوەییان کەڵک وەرگرن.

**رِاسان و بەشداری ژنان لە رێبەریدا:**

کە باس لە "سەهمیەی ژنان" یان "هەڵاواردنی ئەرێنی" لـە رێبـەری حیزبدا دەکرێ، زۆرکەس ئەو هزرە بـە "دێموکراتیـک" نازانن و ئـەو کـارە بـە "امتیـازدانی نادێموکراتیـک' بـە ژنان دەژمێرین. ئـەو جـۆرە شـیکردنەوەیە یـان بیانوویانـە لـە راسـتیدا پارادۆکسـالێکی گرنـگ و

هاوکات نەخوێندنەوەیەکی دیموکراتیکی پرسی بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی بریاردانە. بە پێی پێرەوی نێوخۆی حیزب ئەندامان و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی دەتوانن راستەوخۆ و بە مافی دەنگەوە بەشداری کۆنگرەی حیزب بن. جیا لەوە کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ تا یەک لە سێی ژمارەی ئەندامانی خۆی نوێنەر راستەوخۆ و بە مافی دەنگدانەوە بۆ کۆنگرە بانگ بکات. پرسی سەرەکی لە پێوەندی لە گەڵ پارادۆکسالی "سەهمیەی ژنان" لە رێبەریدا و دیموکراتیک نەبوونی ئەو پێشنیارە لەو رستەیەی سەرەوە خۆی دەنوێنێ. بە پێی ئوسوڵە دیموکراتیکەکان جێگیرانی کۆمیتەی ناوەندی "دەنگی متمانەی" بەشدارانی کۆنگرەیان بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی و رێبەری حیزبدا نەهێناوە و ئەوان جێگری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین، کەوابوو ئەوانە لە بەرانبەر، بۆ نموونە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە وەڵامدەر نین، چونکە دەنگی ئەوان مەشوەرەتییە و لە پرۆسەی بریارداندا ئەوان لە راستیدا لە دەرەوەی بازنەی بریاردانن. موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیش لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە نەک کۆنگرە دیاری کراوە. جیا لەوە کۆنگرە لە رووی ئیداریشەوە بێت بۆ ئەوەیە کە رێبەری حیزب تازە بکرێتەوە، واتە رێبەری حیزب لە نێوان دوو کۆنگرە نوێنەرایەتی ئەندامانی حیزب دەکات نەک دوای ئەو، بۆیە یەکێک لە مکانیزمە نادیموکراتیکەکانی باو لە ناو حیزبی ئێمە بوونی مافی بەشداری دانی راستەوخۆی یەک لە سێی ئەندامی حیزب بە هەڵبژاردەی کۆمیتەی ناوەندیە.

هەرووەک لە سەرەوە دەبیندرێ لانی کەم سێ مکانیزمی نا دێموکراتیک بە پێی ئوسوولە دێموکراتیکەکانی ئەمرۆی جیهان و بە پێی پرەنسیبە گشتییەکانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کە حیزبەکەمان ئەندامەتی، لە پێرەوی ناوخۆیی حیزبدا گونجێندراون و ئەوان لە روانگەی ئێمە پیاوانەوە بە تەواوی دێموکراتیک و سروشتی دەبیندرێن، بەڵام پرسی "سەهمیەی ژنان" بە نادێموکراتیک. بۆیە بیانووی نادێموکراتیک بوونی "سەهمیەی ژنان" هۆیەکی زۆر کزە بۆ رێگرتن لە مکانیزمێکی وا لە پێرەوی نێوخۆی حیزبدا.

**بەشداری ژنان وەک پێویستییەک بۆ گەشەکردن:**

بە دیاری کردنی لانی کەمی "سەهمیەی ژنان" لە رێبەری و ئۆرگانەکانی حیزبدا، ئامانجی یەکسانی و ژن و پیاو و دوورکەوتنەوە لە فەرهەنگی باوکسالاری دێتە دی. یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی لە یەکیەتی ئورووپا دا لانی کەم بەشداری ٤٠%ی ژنان یان پیاوان لە سیستمی رێبەری و ئیداری وڵاتاندایە. لە وڵاتانی دێموکراتیکی رۆژئاو کە خاوەنی چەند سەد ساڵ ئەزموونی دێموکراتیک و سیستمی بەرێوەبەری دێموکراتیکن "لانی کەمی سەهمیەی" جنسی موخالف وەک زامنی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەشداری هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە کاروباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا دەبیندرێ. لە وڵاتانی ئورووپایی نە تەنیا لە کاروباری ئیداری و دەوڵەتی و سیاسیدا ژنان سەهمیەیان هەیە، بەڵکوو وەک پرۆگرامێکی دەوڵەتی بەشێکی زۆر لەو وڵاتانە خاوەنی

یاسـای سـەهمیەی "جنسـی موخـالف" لـە بەڕێوەبـەری شـرکەتە تایبەتییەکانن. بۆ نموونە لە بانکەکان، بازاری بۆرس و بەڕێوەبەری شـرکەتە فرەنەتەوەییـەکان دەرگـای بەشـداری هاوسـان بـۆ ژنـان کراوەتەوە.

بۆ بەرەو پێش چوونی قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوایەتیمان پێویستمان بە هەموو تواناییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە. تا ئێستا توانایی ژنان بە تەواوی لە خەباتی نەتەوایەتیدا و لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە تەواوی کەڵکی لێوەرنەگیراوە و بەوەش زیاتر لە نیوەی توانایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان ناچار بە پاسیڤ بوون کراوە و وزەیەکی زۆر بە "هەدەر"دراوە. لەو پێوەندییە دا تاوانبار کردنی تەنیا ژنان بۆ بەشداری نەکردنیان لە راستیدا خۆ بواردن لە بەرپرسایەتی مێژوویی رێبەری حیزبە، چونکە تا ئێستاش بوو بێ زەمینەی هاوسان بۆ بەشداری هاوسان لە خەباتدا بۆ ژن و پیاو پێک نەهاتووە و لە جێدا کەمتر سەرنج بە پرس و پێویستییەکانی نیوەی کۆمەڵی کوردەواری دراوە. لە ناو حیزبی ئێمە دا جارێش هەر بیروبۆچوونی پیاوسالارانە زاڵە و ئەمەش پێشی پراکتیزەکردنی دروشمەکانی حیزب لە ئاستی کردەوەدا گرتووە و ئێمەی لە بەرانبەر "ئەخلاقی بوونی" دروشمەکانمان راگرتووە.

پرسی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا و لە هەل و مەرجی خەباتی نەتەوایەتیدا پرسی "سنفی" نیە، بە ژمارەش بێ پرسی نیوەی کۆمەڵگەی کوردی و لە رووی پێوانە "کیفتیەتی"یەکانەوە پرسی پتر

لە نیوەی کۆمەڵە، بۆیە پرسی ژنان و بەشداریان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پرسێکی نەتەوەیی و پرسی پێوەندیدار بە چارەنووسی خەباتی حیزبەکەمانە.

مرۆڤ لە جێدا ناتوانێ ببێتە ئەندامی ڕێبەرایەتی یان بەشێک لە ڕێبەرایەتی و تەنانەت ڕێبەری ڕێکخراوە یان بزووتنەوە، ڕێبەری پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە تاکی مرۆڤ دەبێ هەوڵی زۆر بدا لە پێناو گەیشتن بەو ئاستە. ئەو مەرجە بۆ ژن و پیاو وەک یەکە، بەڵام جیاوازی ئەو ڕەوتە لەو دایە کە ژن خاوەنی هەلی یەکسان لە گەڵ پیاو نیە و بەکردەوە پێشی گەشەکردنی دەگیرێ و ئەمەش لە ڕوانگەی "مودیریەتی" خەسارێکی قورس و لە دەستدانی هێز و وزەیەکی زۆری کۆمەڵایەتی و هزریە.

ڕاسان دەبێ لە دروشمەوە بەرەو کردەوە هەنگاو بنێت و نیشان بدات خەباتی ئەو قۆناغی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی هەموو ئەندامانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و لەو پێناوەدا ئامادەیە زەمینەی بەشداری هاوسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە خۆش بکات. لەو ڕووەوە ئامانجی ڕاسان لە قۆناغی ئیستا دا لە پێوەندی لە گەڵ بەشداری ژنان دەبێ بریتی بێت لە:

١ـ بەشداریدان و ڕێگەپێدان بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە ریزەکانی خەباتکارانی سیاسی و پێشمەرگایەتی

٢ـ زیاتر کردنی ڕادەی ئەندامانی ژن لە ڕێکخراوە حیزبییەکاندا

٣ـ چالاک کردنی ژنان لە ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی ئاشکرای حیزبیدا

٤ـ دارشتنی سیاسەت و ستراتیژی "ژنان" لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزبدا

٥ـ دانانی پرۆژەی پەروەردەیی ماوە دیاری کراو بۆ پەروەردەی کادری ژن بۆ بەڕێوەبردنی هەموو جۆرە ئەرکێکی حیزبی یەکسان لە گەڵ پیاوان.

بە کورتی ئەرکی ڕاسان لە پەراوێز دەرخستنی ژنان و هێنانەوەیانە بۆ نێو قووڵایی بڕیار و بەشداری سیاسی لە خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیدا. بەوە مرۆڤ تەوەری خەبات و ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەبێت. یەکسانی کۆمەڵایەتی دەبێ ببێتە بەردی بناغە و پرەنسیبی نەگۆڕی ڕاسان. بەوە تواناکانی نێو کۆمەڵگە ئازاد دەکرێن و رەوتی خەباتی رزگاریخوازانەمان خێرایی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. دەبێ بوێر بین بۆ دیتنی ئاسۆی دوورتر. دەبێ بوێر بین لە بیری گەورە و بوێرانە. ئەوکات لەوانەیە بتوانین هەنگاو بچووک بەرە پێش بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانمان هەڵگرین. ئەگەر بۆخۆمان بەگومان بین، ئەوکات هیچ کەسێک بڕوامان پێ ناکات.

---

[i] Sandra C. Taylor. Vietnamese Women at War: Fighting for Ho Chi Minh and the Revolution. Lawrence: University Press of Kansas, 1999

Tishk 43

گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتیرنێت


http://www.kurdistanmedia.com
E- mail:
tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com



کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەریدەکا